Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL
For Languages and Humanities

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-02-44

# تێڕوانێکی گشتی لە ڕەوشی ناوخۆی کوردستانی ئێران لە ساڵانی ١٩٥٨-١٩٦٧

## (توێژینەوەیەکی هەڵێنجێنراوە لە نامەی ماستەر)

**شێوە عثمان محمد، یاسین خالید حەسەن**

بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان - عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **August, 2025** |
| Accepted | **November, 2025** |
| Published: | **December, 2025** |

**Keywords**

**ڕەوشی ئابوری، ڕەوشی کۆمەڵایەتی، ڕەوشی سیاسی**

**Corresponding Author**

shewamuhamd15@gmail.com

yasen.hassan@univsul.edu.iq

**پوختە:**

ڕەوشی کوردستانی ئێران لەساڵانی ١٩٥٨- ١٩٦٧ لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی پەهلەوییدا، لە بواری ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی، بەگشتی ناسەقامگیر بوو. لەبواری ئابوریدا جگە لەوەی کوردستانی ئێران لە سایەی پاشماوەی قۆناغی دەرەبەگایەتیدا بوو، بەدەست ستەمی چینایەتییەوە دەیناڵاند، سیاسەتی داچۆڕینی ئابوری ناوچەکە و فەرامۆشکردنی لەلایەن دەوڵەتەوە هێندەی دیکە ڕەوشەکەی ئاڵۆزتر و ژیانی دانیشتوانەکەی پەککخستبوو. ئاڵوگۆڕەکانی ناسراو بە شۆڕشی سپی(1963) نەیتوانی گۆڕانکارییەکی بەرچاو لەو بوارەدا دروستبکات، بەڵکو نایەکسانی ئابوری و کێشە ئابورییەکانی قوڵترکردەووە. لەبواری کۆمەڵایەتیشدا ناوچەکە تاڕادەیەکی زۆر بێ بەشکرابوو لە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە پشتگوێ خرابووو. لە ڕووی کارگێڕییەوە دەسەڵاتی ناوچەکە بە گشتی لەژێر فشاری سوپادابوو، بێگومان ئەوەش ڕەوشەکەی هێندەی دیکە ئاڵۆزکردبوو. لە ڕووی سیاسیشەوە هیچ دەرەتانێك بۆ چالاکیی و کاری سیاسی ئازاد نەبوو. نیشتمانپەروەران لە ژێر زەبرو زەنگ و هەڕەشەی دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی شاهەنشاهیدا بوون. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ تیشکخستنەسەر ڕەوشی دژواری کوردستانی ئێران لەسەرجەم بوارەکانی ژیان لە ساڵانی (1958—1967). دەکرێت بڵێین لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا، گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی ، کە ڕەوشی دژواری ناوخۆی کوردستانی ئێران، لەو قۆناغەدا، یەکێك بوو لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی خەباتی چەکدارانەی ساڵی 1967-1968لە کوردستانی ئێران.تویژینەوەکەمان دابەشکردووە بەسەر سێ تەوەردا، لە تەوەری یەکەمدا ڕەوشی ئابوری کوردستانی ئێرانمان خستۆتەڕوو، لە تەوەری دووەمدا، باسمان لە ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ڕادەی فەراهەمکردنی خزمەتگوزارییەکانی کوردستانی ئێران کردووە، تەوەری سێیەمیش تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی ڕەوشی سیاسی کوردستانی ئێران. لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا، پشتمان بە میتۆدی وەسفی- شیکاری بەستووە. بەشێوەیەکی بابەتیانە سەرنجەکانمان ڕوونکردۆتەوە.

## پێشەکی:

کوردستانی ئێران لەماوەی سالانی (١٩٥٨-١٩٦٧)دا بە قۆناغێکی ئالۆزو ناسەقامگیردا تێپەڕیوە، بەتایبەت لە بوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، هەموو جۆرە سەرکوت و هەڵاواردنێك لەسەر نەتەوەی کورد لەو پارچەی کوردستان لە لایەن ڕژێمی شاهەنشاهییەوە تاقیکراوەتەوە. دەرئەنجامی ئەو ستەمەش لەلایەك دروستبوونی نارەزایی بوو، لە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە و لەلایەکی دیکەشەوە گەشەکردنی هەستی نیشتمانپەروەری و نەتەوەیی بوو لەنێو چین و توێژە جیاوازەکانی گەلی کورد بەتایبەتی توێژی گەنجان، هاوکات پاڵنەرێکیش بوو بۆ نارەزایەتیی و رووبەڕووبوونەوەی ڕژێمی شاهەنشاهی.

گرنگی توێژینەوەکە: خستنەرووی ڕاستی مێژوویی ڕەوشی ناوخۆی کوردستانی ئێران لەم قۆناغەدا، لەپێناو دەستکەوتنی وەڵامی یەك لە هۆکارەکاریگەرەکانی سەرهەڵدانی جووڵانەوە چەکدارانەکەی سالانی (1967-1968)ی کوردستانی ئێران.

ئامانجی توێژینەوەکە: تیشك خستنەسەر ڕەوشی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستانی ئێرانە لەو قۆناغەی هەڵمانبژاردووە

کێشەی توێژینەوەکە: گرفتی توێژینەوەکەمان بەردەست نەبوونی ئەو کەسایەتییانە بوو، کە لەوقۆناغە مێژووییەدا ژیاون بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ڕەوشی ناوخۆیی، کەبەهۆی ڕەوشی ئەمنی ئەو وڵاتەوە کەمتر باسیان لێوەکراوە. هەوڵمانداوە ئەو گرفتە لەرێگە یاداشتەکانی ئەو کەسایەتییانەی لەو قۆناغەدا لە کوردستانی ئێران بوون و هەروەها پشتڕاستکردنەوە و بەراورد کردنیان لەگەڵ ئەو بەڵگەنامانەی لەبەردەستماندا بوو چارەسە بکەین .

میتۆدی توێژینەوەکە: لە نوسینی ئەم توێژینەوەدا پشتمان بە میتۆدی وەسفی-شیکاریی بەستووە و سەرنجەکانمان بەشێوەیەکی بابەتییانە ڕوونکردۆتەوە.

لەم توێژینەوەدا سودمان لە چەندین سەرچاوەی جۆربەجۆر لە بەڵگەنامە، پەرتوك، یاداشت، چاوپێکەوتن، ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و فارسی وەرگرتووە. نوسەری یاداشتەکان و ئەو کەسایەتییانەی چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کردون کارەکتەری نێو ڕووداوەکان بوون، وەك پەرتوکی گەشتێك لە ئەربابای بانەوە بۆ باواجی کۆیە، لە نوسینی هاشمی کەریمی، گۆڤاری تیشك، وتووێژ لەگەڵ ئەنوەرسوڵتانی، هەروەها پەرتوکەکانی بیرەوەری و یاداشت لە نوسینی ئەحمەد ئەسکەندەری. جگەلەوەی پەرتوکەکانی د.یاسین سەردەشتی بەناونیشانەکانی (خاك و خون سەرچاوەیەکی مێژووی هاوچەرخی کوردستان) و (کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد 1939-1979) توێژینەوەکەی دەوڵەمەندکردین و وەك سەرچاوەی سەرەکی پشمان پێبەست. ناوەڕۆکی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لەسێ تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، تەوەری یەکەم:ڕەوشی ئابوری کوردستانی ئێران لەنێوان سالانی 1958-1967.

تەوەری دووەم: ڕەوشی کۆمەڵایەتی و فەراهەمکردنی خزمەتگوزارییەکان کوردستانی ئێران لەنێوان سالانی 1958-1967. تەوەری سێیەم: ڕەوشی سیاسی کوردستانی ئێران لەنێوان سالانی 1958-1967.

## تەوەری یەکەم: ڕەوشی ئابوری کوردستانی ئێران[1] لە سالانی 1958-1967:

ئابوری ئێران بە شێوەیەکی گشتی ئابورییەکی کشتوکاڵی بوو، تاوەکو ساڵی 1961 نزیکەی دوو لەسەر سێی دانشتوانی ئێران لە گوند و ناوچە شاخاوییەکاندا دەژیان و پشتیان بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بەستبوو. بە نزیکەیی 65 هەزار گوند لە سەرانسەری ئێراندا هەبوو، بەڵام حکومەتی ناوەندی بەهۆی گەندەڵی ناوخۆییەوە ئاگاداری بارودۆخی ئەو گوندانە و دانیشتوانەکەی نەبوو کە بەدەست دواکەوتوویی ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە دەیانناڵاند. بەو هۆیەوە خەڵکی ئامادە نەبوون درێژە بە ژیانی پڕ نەهامەتییان لە گوندەکان بدەن، لە پێناو بەدەستهێنانی هەلی کارو بژێوی ژیان کۆچیان کرد بۆ شارەکان. لەلایەکی دیکەشەوە پاشماوەی سیستمی نیمچە دەرەبەگایەتی لە بەشی زۆری ئێراندا زاڵ بوو، زەویە گەورەکان لە دەستی سەرۆك خێڵ و هۆزەکاندا بوون. هەروەها بەشێك لە پیاوانی ئاینی بەهۆی سودمەند بوونیان لە زەوییەکانی وەقف، ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە پەیوەندییە ئابوری و سیاسی و کلتورییەکانی ئێران (قرگزلو، 2006، ل7).

ڕەوشی کوردستانی ئێرانیش بە گشتی لە دواساڵەکانی دەیەی پەنجاکان و سالانی دەیەی شەستەکانی سەدەی بیست سەقامگیر نەبوو. ڕەوشی ئابوری بە گشتی و گوندەکان بەتایبەتی زۆر خراپ بوو، چونکە دەوڵەتی ئێران سیاسەتی داچۆڕینی ناوچەکە و فەرامۆشکردنی شارەکانی لە پرۆسەی سەرمایەگوزاری، دامەزراندنی ناوەندی پیشەسازی و کردنەوەی کارگە گرتبووەبەر، هاوکات لە پەرەپێدانی دەزگا خزمەتگوزارییەکان بێبەشی کردبوون (سەردەشتی، 2011، ل505). کۆمەڵگەی کوردی لە ژێر ستەمی چینایەتی و ستەمی نەتەوایەتیشدا دەژیان. چینی جووتیار و ئاغا لە ڕووی داهات و توانای ژیانەوە زۆر لەیەك دووربوون. ئاغا و دەرەبەگ ژیانێکی باشیان هەبوو خاوەنی زەوی و داهاتەکانی گوند بوون، جووتیارەکانیش بێ زەوی و موڵك بوون و ڕەعیەتی ئاغا و دەرەبەگ بوون، جۆرەها بێگاریان پێدەکرا و موڵکانەیان دەدایە ئاغا، ئەوەش کاری کردبوویە سەر هەموو لایەنەکانی ژیان لەو ناوچەنەدا (ڕێکخراوی شۆڕشگێری حیزبی تودەی ئێران، بێ ساڵی چاپ، ل8). زۆرێك لە شاعیرەکانی ئەو سەردەمە بە هۆنراوەکانیان ئاماژەیان بە خەم و ئازاری ئەو توێژەی کۆمەڵگە کردووە، کە لە ژێر ستەمی دەرەبەگ و ڕژێمی شاهەنشاهیدا بوون، مەلا ئەحمەدی شەڵماشی ناسراو بە مەلا ئاوارە[1] کە یەکێك بوو لە ڕێبەرانی جووڵانەوە چەکدارانەکەی 1967-1968 چەندین هۆنراوەی نوسیوە، کە تیایدا گوزارشتی لە خەم و ئازاری ئەو چینەی کۆمەڵگە و زەحمەتکێشانیان دەکات، بۆ نمونە لە هۆنراوەی هاواری توتنەواندا باس لە بێ بەشی و بەدبەختی وەرزێرانی کورد دەکات، کاتێك توتنەوان بە هێز و بازووی خۆی و منداڵەکانی توتن بەرهەم دێنێ، بەڵام بەهۆی سیستمی ئیدارەی دەوڵەتەوە ڕەنجیان بە فیڕۆ دەڕوات (شڵماشی، 2021). لە هەمان هۆنراوەدا[2] بە مەبەستی ڕزگاربوون و تێکشاندنی ئەو سیستمە ڕوودەکاتە وەرزێران و داوای یەکگرتن و خەباتیان لێدەکات (حەسەن پور، 1380، ل23).

دانیشتوانی کوردستانی ئێران بەگشتی بۆ بژێوی پشتیان بەکاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بەستبوو، چونکە ڕەوتی پیشەسازی ڕووی لە ناوچەکە نەکردبوو (حەسەن زادە، 2025). لە هەموو ڕوویەکەوە پشتگوێ خستنی گوندەکان زیاتر بوو، ئەوانە سەرجەم خانووەکانیان لە قوڕ دروستکرابوون و سەوزایی و درەختی زۆر کەمبوون. دانیشتوانیش لە نەهامەتییەکی کەم وێنەدا دەژیان بە گشتی لە بەیانییەوە تاکو خۆرئاوابوون لە سەرەتای بەهارەوە تاوەکو کۆتایی پایز دەچوونە سەر کێڵگەکان لە پێناو دابینکردنی بژێوی ژیانیان، تەنانەت زۆرجار ناچار دەبوون کۆرپەکانیشیان لەگەڵ خۆیان بەرن بە هۆی هەڵکەوتەی دووری کێڵگەکان لەماڵەکانیان (قاسملوو، 214، ل92). بەرهەمی سەرەکی کێڵگەکانیشیان بریتی بوو لە گەنم، توتن و بەرهەمی ئاژەڵی. زەویەکان دێم بوون و کەرەستەکانی بەرهەمهینان زۆر سادە و ساکار بوون، گا و گاسنیان بۆ کێڵانی زەوییەکان بەکاردەهێنا، چونکە شێوازی نوێی بەرهەمهێنان نەگەشتبووە ناوچەکە(ڕێکخراوی شۆڕشگێری حیزبی تودەی ئێران، بێ ساڵی چاپ، ل7). ئەوەش کاری کردۆتە سەر دابەزینی ئاستی بەرهەم بەشێوەیەکی بەرچاو، هەرچەندە ڕووبەری چێندراو لە کوردستانی ئێران زۆربووە و لە 19%ی کۆی زەوییە چێنراوەکانی ئەو وڵاتەی پێکهێناوە (مدنی، 1369، ص30). کاری ئاژەڵداریش لەسەر شێوەی سەد ساڵی ڕابردوو بوو، پزیشکی ئاژەڵی و دەرمانخانەی تایبەتی ئاژەڵی لە کوردستانی ئێران دەگمەن بوو، بەوهۆیەوە زۆرێك لە ئاژەڵەکان لەناودەچوون (ڕێکخراوی شۆڕشگێری حیزبی تودەی ئێران، بێ ساڵی چاپ، ل8).

لەماوەی ساڵانی 1953-1963 لە سەرانسەری ئێران چەندین نارەزایی و پشێوی و خۆپیشاندان ئەنجامدراوە، هەریەك لەوانیش لەلایەن چینێکی کۆمەڵگەو سەرکردایەتی دەکرا، ئەوەش بە واتای نارازیبوونی چینەکانی کۆمەڵگە بوو لە سیاسەتی ئابوری محەمەد ڕەزاشا(1941-1979). چینی کرێکارانی شارەکان سەرکردایەتی بەشێکی زۆری نارەزایەتییەکانیان کرد لە پێناو باشترکردنی گوزەرانیان. بۆیە لە ساڵەکانی 1955، 1957، 1959، 1961نارەزایی و مانگرتنی کریکاران دەبینین لە کارگەکانی ڕستن و چنین لە ئەسفەهان و پاڵاوگە نەوتییەکان لە ئەبادان و زۆرینەی شارەکانی ئێران. هەرچەندە سەرکوتکران و دەستگیرکران، بەڵام دۆخی قەیراناوییان بەدوای خۆیاندا هێنا و بەردەوامییان هەبوو، ئەوەش مایەی نیگەرانی ڕژێم و هاوپەیمانەکانی بوو (اوری، 1379، ص152). لەبەرئەوە ساڵی 1961 کاتێك دیموکراتەکان دەسەڵاتی سیاسیان لە ئەمریکا گرتە دەست، سەرۆك کۆماری نوێ جۆن کەنەدی, شای ناچارکرد بە ئەنجامدانی زنجیرەیەك چاکسازی، بە ئامانجی لەمپەردانان لە بەرامبەر شۆڕشی کۆمۆنیزم و ڕاپەڕینی چینی هەژار و زەحمەتکیش. ڕاوێژکارەکەی سەرۆك کۆماری نوێ ، واڵت روستۆ تیۆرەکەی خۆی بە ناوی مانیفێستی ناکۆمۆنیستی بڵاوکردەوە و ئامۆژگاری ئێران و بەڕازیل و کۆریای باشوری کرد لە گرتنەبەری دەستەبەجێی چاکسازی لە زەوی و زاردا (قرگزلو، 2006، ل7)،(بازیار، 2020، ل211-212).

شای ئێران(محەمەد ڕەزاشا)، هەنگاوی نوێی چاکسازی نا، لە چەندین بواردا بە تایبەتی لە بواری زەوی و زاردا، بەمەبەستی ڕێگەگرتن لە شۆڕشی جووتیاری، چونکە جووتیارانی ئێران لەژێر باری زوڵم و زۆری دەرەبەگایەتی هەراسان ببوون (کەریمی، 2021، ل82). چاکسازییەکانی شا ناونرا شۆڕشی سپی یاخود شۆڕشی شا و گەل. دابەشکردنی زەوی دەرەبەگ و موڵکدارە گەورەکان بەسەر جووتیاراندا، بە نیشتمانیکردنی دارستانەکان، بەشداری کرێکاران لە قازانجی کارگەکان، دانانی سوپای زانست و دەستەبەرکردنی مافی دەنگدان بۆ ژنان، لە گرنگترین خاڵەکانی شۆڕشی سپی بوون (ابراهامیان، 1384، ل522). شۆڕشی سپی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئێران بە گشتی هەبوو، ئەم پرۆژەیە سودی بۆ جیهانی سەرمایەداری دەستەبەرکرد. لە دەرئەنجامدا بووە هۆی پەرەپێدانی پەیوەندی کاڵایی و برەوپێدانی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە ئێراندا (کەریمی، 2021، ل82).

لە قوم وشوێنە ئایینییەکانی دیکەی ئێران خۆپیشاندان دژی ئەم پرۆژەی چاکسازییە ئەنجامدرا، ئایەتوڵاکان بە تایبەتی دژی ئەو خاڵە بوون کە پەیوەندی بە مافی دەنگدانی ژنانەوە هەبوو. لە ئەنجامدا سەرۆك وەزیران ئەسەدوڵڵا عەلەم(1919-1978)بە نوێنەری شا فەرمانیکرد بە پۆلیس و دەزگا ئەمنییەکان کە ڕووبەڕووی خۆپیشاندەران ببنەوە، دەزگا ئەمنەکانیش بێ بەزەییانە خۆپیشاندەرانیان لە خوێن هەڵکێشا و بە توندی خۆپیشاندانەکەیان سەرکوتکرد و ژمارەیەکی زۆریان لێکوشتن و خومەینیان دەستگیرکرد (ئەسکەندەری، 2021، ل89).

هەرچەندە محەمەد ڕەزاشا لە وتارەکانیدا هەمیشە ئاماژەی بەوە دەکرد، کە پرۆسەی مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگای ئێرانی لەسەر بنچینەی شۆڕشی سپی، ئێران بەرەو شارستانیەتی مەزن دەبات و دەیکاتە پێنجەمین هێزی سیاسی و ئابوری لە جیهاندا، بەڵام ئاکامەکەی پێچەوانەی ڕاگەیاندنەکەی شا بوو، شۆڕشی سپی ئێرانی خستە نێو قەیرانێکی قوڵی ئابوری و کۆمەڵایەتی مەزن (سەردەشتی، 2011، ل500).

سەبارەت بە کوردستانی ئێران، ڕیفۆرمی زەوی بە هێواشی بەڕێوەچوو، چونکە دەوڵەت ترسی هەبوو کەلە ئەنجامی ڕیفۆرمی زەوی، سەرۆك عەشیرەتەکان یەکبگرن و ڕاپەڕین بەرپابکەن، لەبەرئەوە بە بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی ئێران ڕیفۆرمی زەوی درەنگتر بەڕێوەچوو. ڕاستە ڕیفۆرمی زەوی و زار بوو بەهۆی لاوازی دەسەڵاتی دەرەبەگەکان و پاشەکشەی سیستمی ئەرباب-ڕەعیەتی، بەڵام ئەوانی بە تەواوی لەناونەبرد، چونکە ساواك پەیوەندییەکی تەواو نزیکی لەگەڵ بەشێك لە دەرەبەگەکان هەبوو، هاوکات یارمەتیشی لێوەردەگرتن (پروونههووبێر، 2009، ل156). ڕۆژنامەی خاك و خون[3] سەبارەت بەم پرسە لە ژمارە 63 دا، کە لە ڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی ١٨ ئاداری چاپ و بڵاوکراوەتەوە ،باس لە هەواڵێك دەکات لە کوردستان و نوسیویەتی:'' بەشێك لە ئاغا و موڵکدارەکانی پێشوو لە کوردستان ، ئامادەنەبوون واز لە مافی بێگار و سەرانەسەندن بهێنن، بۆ نمونە ئیسماعیل خان لە گوندی یەکین ئاباد، لە ڕێگەی کۆمەڵێك چەقۆکێش و پیاو خراپەوە زۆری بۆ جووتیارەکانی ئەو گوندە هێناوە و لە بەرەبەیاندا پەلاماری جووتیارەکانیان داوە و ژمارەیەك لەخەڵکیان بریندار کردووە، هەرچەندە دانیشتونی ئەو گوندە دەزگاکانی حکومەتیان لەو هەڕەشەو پەلامارانە ئاگادارکردۆتەوە، بەڵام حکومەت وەڵامی نەداونەتەوە و پەلاماری ئاغای ناوبراویش بەردەوام بووە'' ( سەردەشتی، 2025، ل203).

سەبارەت بە کاریگەری ڕیفۆرمی زەوی لە کوردستانی ئێران، بەشێکی کەم لە جووتیاران بە شێوەیەکی نایەکسان بوونە خاوەنی  زەوی، چونکە ڕیفۆرمی زەوی لەسەر بنەمای مافی کشتوکاڵی ئەنجامدرا بوو. جووتیارە بێ زەوییەکان کە لە 82% ی گوندەکانیان پێکدەهێنا، نیوەیان لە ناچاریدا ڕێگای شارەکانیان گرتەبەر و ڕوویان لە پیشەی دیکە کرد (مدنی، 1369، ل33). شارەکانی کوردستانی ئێرانیش بەهۆی کۆچی گوندنشینەکانەوە توشی هەڵتۆقینێکی گەورە ببوو، ئەوەش بووە هۆی گرانی و بەرزبوونەوەی نرخی کەلوپەل و پێداویستیەکانی ژیان و دروستبوونی  بێکاری و دابەزینی بەها کۆمەڵایەتییەکان  و بێبەشبوون لە خزمەتگوزارییەکان (کەمالی، 2012، ل141). ئەو جووتیارانەشی خاوەنی زەوی بچوك بوون بەهۆی کەم توانایی مادییانەوە کۆنترۆڵیان بەسەر زەوییەکانی خۆیاندا نەبوو ( مدنی، 1369، ل31-32)، هاوکات ڕێساکانی ڕیفۆرمی زەوی لە هەموو ناوچەکان وەکو یەك نەبوو، ئەوەش نارەزایی بەشێکی دانیشتوانی ناوچەکانی کوردستانی ئێرانی لێکەوتەوە. لەو ڕووەوە ژمارە ٥٢ی ڕۆژنامەی خاك و خون کە لە ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی ٢٠ی شوباتی ١٩٦٦دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لە هەواڵێکیدا باسی کێشەی ناوچەی مامش و لاهیجانی کردووە سەبارەت بەو پرسە و دەڵێت ژمارەیەك لە جووتیاران نامەیان بۆ چەند کاربەدەستێکی حکومی ناردووە و باسی ئەو نادادییەیان کردووە، کە لە بەرژەوەندی موڵکدارەکان ئەنجامدراوە لە دانانی بەها و گرنگی زەوییەکان. ئەوان باسیان لەوە کردووە، کاربەدەستان گرنگی و بایەخی زەوییەکانیان لەبەرچاو نەگرتووە و بە شێوەی یەکسان لەگەڵ زەوییەکاندا  مامەڵەیان کردووە، هەروەها ئاماژەیان بەوە کردووە بەشێکی زەوی ئەم ناوچەیە دێم و کەم پیتن ، زەوییە بەراوەکانیش گرفتی کەم ئاوی کێشەی داچاندنی بۆ درووستکردوون و بەشێکیان بێ قازانج ماونەتەوە، بەڵام موڵکدارەکان بە هەمان شێوەی زەوییە چێندراوەکان دوو هێندەی موڵکانەیان خستۆتەسەر. کاربەدەستانی ڕیفۆرمی زەوی بێ لێکۆڵینەوە لە دروستی ڕێسا و نەریتە خۆماڵییەکان، بێ لەبەرچاوگرتنی سەرنجی جووتیارەکان، بێ لەبەرچاوگرتنی زەوییە چێندراوەکان، تەنیا لە کلاورۆژنەی بەرژەوەندی موڵکدارەکانەوە، بڕێکی زۆر موڵکانەیان بۆ زەوییەکان زیاد کردووە، ملکەچی و ڕەزامەندی جووتیارەکانیشیان کردۆتە ناچاری. (سەردەشتی، 2025، ل107-108 ). هاوکات جووتیارانی مەریوان و سنە باسیان لە نادادییەکی دیکە کردووە، کە لە کاتی وەرگرتنی توتن و هەڵسەنگاندنی جۆرەکەی بەرامبەریان کراوە، بەشێکی بەرهەمەکان پەسەندکراوە و بەشێکی دیکەیان بە ناپەسەند هەژمار کراوە. بەو هۆیەوە توشی هەڵاواردان و جیاکاری هاتوون، ئەوەش لە کاتێکدایە ژیان و گوزەرانی جووتیارانی ئەو ناوچانە بە گشتی پشتی بە بەرهەمهێنان و کڕین و فرۆشتنی توتن بەستووە. ئەم بەڵگانە نیشاندەری مانەوەی گرفتی جووتیارانن لە کوردستانی ئێران سەرەڕای ڕیفۆرمی زەوی.(سەردەشتی، 2025، ل107-108).

لە لایەکی دیکەشەوە بەشێك لە موڵکدارەکانی کوردستان لە ریفۆرمی زەوی نارازیبوون و شێوازی جیاوازیان گرتەبەر بەمەبەستی دەربڕینی نارەزاییەکانیان. لە ڕاپۆرتێکی ساواك لە 18ی کانونی دووەمی 1963 ئاماژەی بەوە کردووە، کە ژمارەیەك لە موڵکدارەکانی مەهاباد، سەقز و لوڕستان و چەند ناوچەیەکی دیکە ، کۆبوونەوەیان ئەنجامداوە لە ماڵی محەمەد عەباس ناوێك، بەمەبەستی بڕیاردان لە دژی ڕیفۆرمی زەوی و هەڵوێست وەرگرتن. لە هەمان کاتدا ژمارەیەك لە موڵکداری گەورەو بچوکی خێڵەکانی هەرکی و شکاك کۆبوونەتەوە، بۆ ئەوەی بەرەو تاران بڕۆن، بەمەبەستی رونکردنەوەی بارودۆخیان بۆ کاربەدەستان لە دەرئەنجامی ڕیفۆرمی زەوی (چپ در ایران، 1341، ل99-100). لەگەڵ ئەوانەشدا ژمارەیەك لە موڵکدارەکان لە کویخا و ئاغاکان، لە ئەنجامی ڕیفۆرمی زەوی  و دابەشکردنی زەوییەکانیان، ڕوویان لە کوردستانی عیراق کرد و لە ناوچە سنورییەکان بە پەرش و بڵاوی نیشتەجێبوون (ڕەستگار، 2022، ل314).

سەبارەت بە کاریگەرییە ئەرێنییەکانی شۆڕشی سپی لە کوردستانی ئێران، ئەم شۆڕشە کاریکردە سەر پێکهاتەی کوردستانی لادێنشین. کرانەوەیەك لە گوندەکان دروستبوو، ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاری گوندەکان ڕوویانکردە شارە گەورەکانی وەکو تەورێز و تاران بەمەبەستی خویندن (حەمەلاو، 2017، ل117). هەروەها بووە هۆی کەمبوونەوەی نایەکسانی چینە کۆمەڵایەتیە سەرەکییەکان، ئەوەش هۆکاریك بوو بەرە و گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتی (کەمالی، 2012، ل153). هەروەها سیستمی دەرەبەگایەتی هەڵوەشاند و دەسەڵاتی ئابوری و سیاسی ئاغا و موڵکدارە گەورەکان و مەلاکانی لە گوندەکاندا کەمکردەوە. ئەوەش بۆ گەلی کورد گۆڕانێکی گەورە بوو، چونکە نفوزی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئاغا و سەرۆك خێڵ و بنەماڵەکانی لە نێو بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستانی ئێراندا نەهێشت. لە ئەنجامدا چارەنوسی بزاڤەکە نەکەوتە دەستی سەرۆك خێڵ و عەشیرەت و بنەماڵە، ئەوەش گۆڕانکاری نوێی کۆمەڵایەتی و کلتوری و ئابوری لە نێو کۆمەڵگە دروستکرد.

 بە گشتی دەتوانین بڵێین, شۆڕشی سپی لە کوردستانی ئێران، نایەکسانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کێشە و ناکۆکییە کۆمەڵایەتیەکانی قوڵترکردەوە. ئەم بارودۆخە نوێیە، پێویستی بە کرانەوە و ئازادی هەبوو لە تەواوی ناوچەکەدا، بەڵام حوکمی ڕەها و تاکە کەسی بواری کرانەوە و ئازادی نەدا (سابیر،2014، ل193). گۆڕانی توانای ئابوری ئێران و پێکهاتە بنەڕەتییەکەی، لە گرنگترین کاریگەری و سیماکانی شۆڕشی سپی بوون. دەرەبەگایەتی هەڵتەکاند و سەرمایەداری شوێنی گرتەوە. گۆڕانی کۆمەڵایەتی دروستکرد و لافاوی کۆچی گوندنشینەکانی بە ئاڕاستەی شارەکان لێکەوتەوە، ئەوەش گەورەترین کۆچی ناوخۆیی بوو لە مێژووی ئێراندا ( بازیار، 2020، ل213)، (ئەسکەندەری، 2021، ل88). هەروەها هەردوو چینی ڕۆشنبیران و کرێکاری شارەکان زیاتر لە چوار هێندە زیادیان کرد. هەروەها ئاغای گوندەکانی لاوازکرد کە بۆ چەندین ساڵ زاڵبوون بەسەر گوندنشین و هۆزەکاندا، ژمارەیەك جووتیاری بێ زەویشی دروستکرد. هەموو ئەوانە لە ڕووی سیاسیەوە جۆرێك بوون لە بۆمبی کاتی، چونکە شۆڕشی سپی بۆ پێشگرتن لە شۆڕشی سور داڕێژرا، بەڵام ڕێگەی بۆ ئاڵۆزی و پشێوی خۆشکرد (ابراهامیان، 1389، ل240). غوڵام ڕەزا موقەدەم کە یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی بانکی ناوەندی ئێران دەڵێت: ’’من هەر ئەوکات پێشبینم دەکرد، کە ئەم ڕەوتە ڕێگای ڕووخانی ڕژێم خۆشدەکات، بەڵام شۆڕشی ئیسلامی چەند ساڵ دوای پێشبینیەکەی من ڕوویدا’’. (ئەسکەندەری، 2021، ل117).

## تەوەری دووەم: ڕەوشی کۆمەڵایەتی و فەراهەمکردنی خزمەتگوزارییەان لە کوردستانی ئێران لە ساڵانی 1958-1967:

لەو قۆناغەدا کۆمەڵگەی کوردی لە سایەی دەسەڵاتی محەمەد ڕەزاشای پەهلەوی بەدەست هەژاری و بێدەرەتانییەکی سەختەوە دەیناڵاند. ڕەوشی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییەکانی ڕێگاوبان، فەراهەمکردنی ئاوی خواردنەوە، تەندروستی و فێرکردن لەوپەڕی ناهەمواریدا بوو. بە پێی سەرژمێری ساڵی 1966 زیاتر لە 50% ی خێزانی کورد ناوەندی ژمارەی ئەندامانی 5 بۆ 6 کەس بووە، هەموو پێکەوە لە تەنها ژوورێکدا ژیاون، لە 80%ی خانووەکانیشیان لە گڵ دروستکراون و بێبەشبوون لە خزمەتگوزارییەکان (سەردەشتی، 2011، ل506). هاوکات لە ژێر ستەمی سیستمی چینایەتی و چەوساندنەوەی نەتەوایەتیشدا ناڵاندویانە، ستەمی ئاغا و خان، ستەمی بۆرژوازی بێگانە و ناوخۆیی، ستەمی دەزگای کۆنەپەرست و وابەستە بە ئیمپریالیزم بەسەر شانی نەتەوەی کوردەوە بوو. دابەشبوونی چینەکان بەسەر جووتکاری هەژار، جووتکاری ناوەند و دەرەبەگ و ئاغای خۆشگوزەران بەئاسانی دەستنیشاندەکرا، ئەوەش کارکردبووە سەر هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگە.(ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی حیزبی تودەی ئێران، ب.س، ل8).

لەڕووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانەوە لە کۆمەڵگەدا هەموو بابەتە سەرەکییەکانی سەربەستی ژنی تێدا پێشێلکرابوو، چونکە کۆمەڵگەی کوردەواری، کۆمەڵگەیەکی پاشکەوتووی ناوڕژێمێکی پاشکەوتوو بوو ( علی، 2013، ل64). ڕوانگەی خەڵکی بە گشتی بەرامبەر بە ژن و دۆخی ژنان، بەراورد بەسەردەمی پێش بە ئیسلام بوونی ئێران ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتبوو (قاسملوو، 2014، ل80). فرەژنی و چەشنە جیاوازەکانی هاوسەرگیری وەکو ژن بە ژن و گەورە بە بچوك دیاردەیەکی باوی نێو کۆمەڵگەی کوردی بوو، بێگومان توێژی ژنان قوربانی ئەم جۆرە پەیوەندییە بوون (نستانی، 2021، ل13).

سەبارەت بە فەراهەمکردنی خزمەتگوزارییەکان،گرنگی نەدان و پشتگوێخستنی شار و گوندەکانی کوردستان، هێشتنەوەیان بەدواکەوتووی و هەژاری و بەردەوامی دان بەو سیاسەتە، یەکێك بوو لە ڕووە دیارەکانی سیاسەتی محەمەد ڕەزاشا و نادادپەروەری لە ئێراندا. زیادەڕەوی نییە گەر بوترێت شار و گوندەکانی کوردستان، بەتایبەتی ناوچە سنورییەکانی، لە بایەخپێدان و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەکو ڕێگاوبان و ئامرازەکانی پەیوەندی، کەرتی پەروەردە، تەندروستی و پەرەپێدانی ژێرخانی ئابوری بێبەش بوون (سەردەشتی، 2025، ل472). عەبدوڵای حەسەن زادە[4] سەبارەت بە ڕەوشی خزمەتگوزاری ئەوکاتی کوردستانی ئێران لە سایەی ڕژێمی شاهنشاهیدا دەڵێت: ''کوردستانی ئێران لە بوارەکانی ڕێگاو بان، پەروەردەو فێرکردن، ئابوری و تێکڕای خزمەتگوزارییەکان لە پاش هەموو ئێرانەوە بوو'' ( حەسەن زادە، 2025).

سەبارەت بە ڕەوشی ڕێگاوبان، ئەویش لەوپەڕی خراپیدا بوو، ڕێگاکانی کوردستانی ئێران لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە گرنگی پێنەدرابوو. تاکو ساڵی 1967 لە ناوچەکانی مهاباد، بۆکان، سەقز، شنۆ، نەغەدە، پیرانشارو سەردەشت و چەندین ناوچەی دیکەی کوردستان بستێك ڕێگای قیرتاوی تێدا نەبوو، ڕێگای هەرەخۆش زیخڕێژ بوو، کە ئەویش کەمبوو. بەشی زۆریان خۆڵ بوون و هاتوچۆکردن پیایدا ئاسان نەبوو، لە وەرزی بەهاردا، باران نزیك بە مەترێك جادەی قوڵدەکرد، ئەوەش گرفتی گەورەی بۆ هاتوچۆ دروستکرد بوو (حەسەن زادە، 2025). جگە لە چەند شارێکی کەمی وەکو تاران و تەوریز، ڕێگای قیرتا و شیاو لە ئێران و کوردستانی ئێران بوونی نەبوو، ڕێگاکان تەسك بوون و مەودای فراوانی نەبوو، بەسەر دۆڵە قوڵ و ئاودرەکان و ڕەوەزە تۆقێنەرەکاندا تێدەپەڕی. بە درێژایی ڕێگاکان چەند چێشتخانەیەکی بچوك و ناتەندروستی کەم لەسەر ڕێگاکان بوونی هەبوو، ئەویش لە مەرجی پاکو خاوێنی بەدوور بوو (قاسملوو، 2014، ل91-92) جگە لە نەبوونی ڕێگای قیرتاوکراو، نەبونی هێماکانی هاتوچۆ، کە شۆفێران ئاگاداربکاتەوە لە پێچ و هەڵدێرەکان گرفتێکی دیکە بوو. لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی خاك و خون لەژمارە ١٢٢دا، کە لەرۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی ٢٣ی ئابی ١٩٦٦، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، ئاماژەی بە نامەی هاوڵاتییەکی بانە کردووە، کە باسی ڕێگای نێوان سەقز و بانە دەکات وەکو مەترسیدارترین ڕێگای ئێران، بە هۆی بوونی سەد پێچ و هەڵدێر بە درێژایی تەنیا پەنجا و پێنج کیلۆمەتر، مەبەستی هاوڵاتییەکەی بانە ڕاکێشانی سەرنجی بەرپرسان بووە بۆ ئەو کێشەیە، کە لە ڕێگاکانی شارەکانی کوردستان بەرجەستەیە (سەردەشتی، 2025،ل449).

بێگومان بارودۆخی گوندەکان خراپتر بوون و بە تەواو پشتگوێ خرابوون، پێداویستییەکانی ژیان زۆر کەمبوون. نەبوونی ڕێگای هاتوچۆ گرفتی گەورەی بۆ گوندنشینان دروستکردبوو، لە گواستنەوەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان بۆ شارو شارۆچکەکان، ناچار ئاژەڵی وەك ئەسپ، گوێدرێژ و ئێستریان بەکاردەهێنا، بە هەمان ڕێگاش سەرجەم پێداویستییەکانی گوندەکانیان هاوردە دەکرد. هەرچەندە دواتر ریگای چەورێژ دروستکرا بۆ هەندێك لە گوندەکان، بەڵام ئەو ڕێگا نوێیە چارەسەری گرفتی هاتوچۆی نەکرد، چونکە لە وەرزی سەرما و باراندا، وەك ئاماژەمان پێکرد بە هۆی دروست بوونی دەیان چاڵاو، ئۆتومبێل نەیدەتوانی هاتوچۆ بەو ڕێگایانەدا بکات (سوڵتانی،2024، ل19-20).

گرفتێکی دیکەی ڕێگاکانی هاتوچۆ، بوونی دزو چەتە بوو، کە ببونە هۆکاری نائارامی ڕێگاکانی هاتوچۆ، ماڵ و سامانی خەڵکیان دەڕوتانەوە و زۆرجاریش دەیان هێنایە باشوری کوردستان بە مەبەستی فرۆشتنیان. سەرباری بوونی هێزی سوپا و ئاسایشی دەوڵەت لە ناوچەکەدا، کە لایان گرنگ نەبوو یان نەیاندەتوانی پارێزگاری لە سەرو ماڵی هاوڵاتیان بکەن (نستانی، 2021، ل17). چەتەکان سەر بە دەرەبەگ و ئاغاواتی ناڕازی بوون لە چاکسازی زەوی، هێندە نائارامیان دروستکردبوو بۆ نمونە لە ڕیگای نێوان بۆکان و سەقز ئۆتومبێل لە دوای کاتژمێر 4ی دوای نیوەڕۆ هاتوچۆی نەدەکرد (ئیسماعیلنەژاد، 2023، ل305). ئیدارەی ژاندەرمی و مەرزەبانیش لەبری دابینکردنی ئاسایشی ڕێگاوبان و بەڕێوەبردنی ناوچەکان و جێبەجێکردنی کاروباری دانیشتوان، ببونە گیروگرفت بۆ ناوچەکان و کار و پیشەیان ببووە ڕاوڕووت، بە سەدان شێوەی جۆروجۆر بەرتیلیان دەخوارد و خەڵکیان ئازار دەدا (ئەحمەدی، 2009، ل42). لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین خودی دەزگا ئەمنییەکانیش بەشێکبوون لەو چەتەیی و ماڵوێرانییەی کوردستانی ئێران، چونکە کوردستان لە هەموو بەشەکانی دیکەی ئێران زیاتر لە ژێر

پاڵەپەستۆی سوپادا بوو، سوپا دەسەڵاتی بەگشتی گرتبووە دەست، پۆلیس و ژاندارمە بەتایبەتی ساواك زۆر بە قورسی چاویان بڕیبووە سەرجەم جموجوڵەکانی دانیشتوان. سەرەڕای بوونی سەربازگەکانی سوپا و پۆلیس و ژاندارمە، هێزی بەرگری نیشتمانی و پەروەردەکردنی چریکی دەوڵەتی (جاش)یش زیادیکردبوو، ئەوەش ئاڕامی ناوچەکەی هێندەی دیکە ئاڵۆز کردبوو. هاوکات ژاندارمەکانی شا سەربەستی ڕەهایان هەبوو لە کردەوەکانیان لە کوردستان، بە جۆرێك دەستیان کردبوو بە کوشتنی خەڵکی مەدەنی و تاڵانکردنی سەروەت و سامانیان (بازیار، 2020، ل234-235). ژاندەرمەیەك بە تەنیا بە گوندێکدا دەگەڕا و ڕاو ڕووتی خۆی دەکرد، خەڵکەکەش کە گیرۆدەی نەخوێندەواری و ستەمی ئاغا بوون، بێدەنگ بوون بەرامبەر بەو کارە دزێوانە ( کوێستانی، 1996، ل25). لەبەرئەوە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو دزو چەتانە و پاراستنی ماڵ و سامانی دانیشتوان کەوتبووە ئەستۆی ئەندامانی ح.د.ك، وەکو تاکە حیزبی سیاسی کوردستانی ئێران، سەرەڕای بونی هێزی سوپا و دەزگا ئەمنییەکانی شاهەنشاهی. هەرچەندە سەرکردایەتی حیزبەکە لەو قۆناغەدا لە کوردستانی عێراق بوو، بەڵام لە کاتی گەڕانەوەیان لە کوردستانی عێراقەوە بۆ ناوخۆی کوردستانی ئێران بە مەبەستی کاری تەشکیلاتی، زۆر جار ئەو دزو چەتەیانیان دەستگیردەکرد و لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکردن، هەندێ کاتیش لەگەڵ خۆیان دەیانهێنان بۆ کوردستانی عێراق بە مەبەستی لێپرسینەوەیان لە لایەن ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان. هەربۆیە ناوی کادر و ئەندامانی ئەو حیزبە لە گوێی خەڵکیدا گەورە و خۆش بووە، چونکە تۆڵەسێن بوون و بەرگریان لە مافەکانی دانیشتوان کردووە(خزری، 2020، ل84)؛ ( ئیسماعیل نەژاد، 2023، ل305).

دەزگا کارگێڕی و پەیوەندیدارەکان لە ڕاپەڕاندنی کاروباری ناوچە کوردنشینەکان کەمتەرخەم و بێباك بوون، ئەوەش هاووڵاتیانی ناچارکردبوو لەڕێگای ڕۆژنامەی خاك و خونەوە لە ٦ی ئەیلولی ١٩٦٦دا، داوای بەدەمەوەهاتنی لایەنی پەیوەندیدار بکەن بۆ چارەسەری کێشەکانیان و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان. بەو هۆیەوە دانیشتوانی بیجار لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوبراوەوە داوای چاکردنەوەی پردی هەشتا جفتی نێوان شارەکانی بیجارو زنجانیان کردووە، کە بە هۆی لافاوەوە ماوەی مانگێك بووە ڕووخاوە، دەزگا پەیوەندیدارەکان هیچ هەوڵێکیان بۆ چاکردنەوەی نەدابوو. لە هەمان کاتدا داوای چاکردنەوەی هێڵی پەیوەنی تەلەفونی نێوان بیجار و هەمەدانیان کردووە (سەردەشتی، 2025، ل471). هەروەها هاوڵاتیەکی دیکەی شاری سنە لە ڕێگەی ژمارە ٥٩ی ڕۆژنامەی ناوبراوەوە، کە لەڕۆژی سێشەممەی ڕێکەوتی ل٨ی ئاداری ١٩٦٦دا، بڵاوکراوەتەوە، داوای ئاوڕدانەوەی بەرپرسانی کردووە لە کێشەی نەبوونی سەرۆکی دادگا لە شارەکەیان، کە بە هۆیەوە کێشەی سەدان کەس لە دادگاکە بە بێ بڕیاردان و چارەسەر مابوەوە. ناوبراو لە نامەکەی بۆ ڕۆژنامەی خاك و خون ئاماژەی بەوە کردووە، کە نامەی یەك لەدوای یەکی بۆ سەرۆك وەزیران و وەزیری داد ناردوە سەبارەت بەو کێشەیە بەڵام هیچ وەڵامێکیان نەبووە (سەردەشتی، 2025، ل169). هاوکات بەڵگەنامەکانیش ئەوە نیشان دەدەن، کە بەرپرسان و تەنانەت سەرۆك وەزیرانەکانیش ئاگاداری تەواوی بارودۆخی کوردستانی ئیران بوون، بەڵام فرامۆشکردن و پشتگوێخستنی کوردستانی ئێران بەشێك بووە لە سیاسەتی ڕژێمی شاهەنشاهی. بە پێی بەڵگەنامەیەکی باڵوێزخانەی فەرەنسا لە ئێران، کە لە 7ی تشرینی یەکەمی 1961 بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی ناردووە، دەڵێت کە سەرۆك وەزیرانی ئێران عەلی ئەمینی(1961-1962)، سەردانی شارە سەرەکییەکانی کوردستانی ئێران و هەندێك لە گوندە سنورییەکانی کردووە، بینیویەتی کە پارێزگای کوردستان(سنە) پشتگوێ خراوە، ئەوەش بووەتە هۆکار کە خەڵکی ئەو ناوچەیە وەکو خەڵکی مهاباد بیربکەنەوە و ناڕازی بن لە حکومەتی ئێران (ڕەحمانی، 2024، ل 48).

گرفتی نەبوونی خزمەتگوزاری و سیاسەتی فەرامۆش کردنی کوردستانی ئێران و ناوچە سنورییەکان بەردەوام بوو، کە ئەوەش هۆکاری ناڕەزایی دانیشتوان بوو، هاوکات پاڵنەرێکیشە بۆ بیرکردنەوە لە گرتنە دەستی دەسەڵات و خودموختاری و ڕووبەڕووبونەوەی ئەو ڕژێمە کە لەساڵی دواتردا دەستی پێکرد. بە پێی هەواڵی ڕۆژنامەکان لەحوزەیرانی 1966 دا، دانیشتوانی مەهاباد بەدەست کێشەی کەم ئاوی و پیسی ئاوی خواردنەوەوە ناڵاندوویانە، باخ و باخچەکانی شارەکە دووچاری ووشك بوون هاتون، لە هەمان کاتدا بەرپرسان و کاربەدەستان بێ دەنگ بوون لە ئاستی گرفتی شارەکە، ڕۆژنامەی خاك و خون ئاماژەی بە گرفتی کەم ئاوی شارەکە کردووە و نوسیویەتی''مەهاباد لە بێ ئاویدا دەسوتێت، ئاو بۆتە سەرە و دیار نییە کاربەدەستان و بەرپرسان چ کاتێك بیر لە چاککردنی ڕەوشی ئاوی مهاباد دەکەنەوە. تەواوی گەرماوەکانی شار بە هۆی نەبوونی ئاوەوە داخراون'' ( سەردەشتی، 2025، ل364).

سەبارەت بە کەرتی تەندروستی، جگە لەوەی کەمی و نەبوونی خزمەتگوزارییەکان کاریگەری لەسەر تەندروستی دانیشتوان هەبوو، کەرتی ناوبراو بە گشتی لە کوردستانی ئێران یەکێك بوو لە کەرتە فەرامۆشکرا و داتەپیوەکان. شارەکانی کوردستان تارادەیەکی زۆر لە نەخۆشخانە و دامەزراوە تەندروستیەکان بێبەشبوون. بەپێی ئاماری ساڵی 1966 بۆ 4800 کەس لە ئێران تەنها پزیشکێکیان بەرکەوتووە، بەڵام لە کوردستانی ئێران بە 20 هەزار کەسەوە تەنها پزیشکێکیشیان بەرنەکەوتووە. ڕەوشی تەندروستی گوندەکان زۆر خراپتر بووە، جۆرەها نەخۆشی وەکو مەلاریا، گرانەتا، ئاوڵە، سیل، ڕشانەوە، ....هتد بڵابووە، ئەوەش هۆکاری بەرزی ڕێژەی مردن بووە لە نێو تەمەنە جیاوازەکان بە گشتی و منداڵان بە تایبەتی (سەردەشتی، 2011، ل508). هەربۆیە لەسەردەمی دەسەڵاتی محمد ڕەزاشا، سەرەڕای بوونی سەروەت و سامانێکی زۆری دەوڵەت، بەڵام کەسانی هەژار لە کوردستانی ئێران بە ئاسانی گیانیان لەدەست دەدا، بە هۆی نەبوونی نەخۆشخانەو دەرمانخانە و نەداری لەو ناوچانەدا، نەخۆش بۆ چارەسەر گەر باری دارایی باش بووایە ڕووی لە شارەکانی تاران و تەورێز دەکرد، کەسانی نەداریش لە لایەن هاوڵاتیانەوە کۆمەکی بۆ کۆدەکرایەوە تاکو چارەسەر یاخود نەشتەرگەری بۆ بکرێت، هەرچەند نەخۆشەکە باری تەندروستیشی خراپ بووایە، بە بێ پێدانی خەرجی لە نەخۆشخانەکان چارەسەری بۆ نەدەکرا، هەندێ جار تاکو هاوکارییەکە کۆدەکرایەوە، نەخۆشەکە گیانی لەدەست

دەدا و فریای چارەسەرو نەشتەرگەری نەدەکەوت. هاوکات مردنی دایك و کۆرپە تازە لەدایك بووەکەی ئێجگار زۆربوو، ئەو منداڵانەشی کە نەدەمردن دەردەدارو نەخۆش و لاواز بوون (ئەسکەندەری، 2021، ل94-95).

رەوشی تەندروستی لە گوندەکان زۆر خراپتربوو، خزمەتگوزاری تەندروستی لە گوندەکان نەبوو یان زۆر دەگمەن بوو. مردنی ژنان لە کاتی منداڵبووندا یەکێك بوو لە دیاردەکانی گوندنشینان، بەهۆی نەبوونی دکتۆر و نەخۆشخانە و دەستڕانەگەشتن بە دەرمان و چاودێری پزیشکی و چارەسەری پێویست (رێکخراوی شۆڕشگێڕی حیزبی تودە، ب.س، ل8). بە پێی ئاماری فەرمی شارستانی سەقز لە ساڵی 1956، 446 گوند سەر بە سەقز بوون، لەو ژمارەیە تەنها یەك دەرمانخانەی بوونی هەبووە. هاوکات 951 گوند سەر بە شارستانی سنە بووە، بەڵام بە هەموو ئەو گوندانە تەنها حەوت دەرمانخانە بوونی هەبووە. شارستانی بیجار هیچ دەرمانخانەیەکی لێنەبووە. لە شارستانی قروەش تەنها لە دوو گوند دەرمانخانە هەبووە ( رعنایی، 1397، ل36-37).

سەبارەت بە رەوشی فێرکردن و خوێندن، ئەو کەرتە لە کوردستانی ئێران لەلایەن دەوڵەتەوە پشتگوێ خرابوو، بە مەبەستی بەردەوامی دان بە دواکەوتن و درێژەدان بە پرۆسەی نەخوێندەواری کۆمەڵگەی کوردی. خوێندن و پرۆگرامەکانی قوتابخانەکان بە زمانی فارسی بوو، منداڵانی کورد کە گوێبیستی وشەی فارسی نەبووبوون، ناچاردەکران کە بە زمانی فارسی بخوێنن و گفتوگۆ بکەن لە قوتابخانەکان (رێکخراوی شۆڕشگێڕی حیزبی تودە، ب.س، ل8). لەگەڵ ئەوەشدا هەزارەها منداڵی شار و لادێکانی کوردستان لە دەرفەتی چوونە قوتابخانەو خوێندن بێبەشبوون. بە گوێرەی ئاماری ساڵی 1966 زیاتر لە 80٪ ی کۆی دانیشوانی کوردستانی ئێران و لە 90 ٪ ی ژنانی کورد نەخوێندەواربوون، رێژەکە لە لادێکاندا بەرزتربوو، رێژەی نەخوێندەواری ژنانی لادێ نزیکەی لە 99٪ بوو (سەردەشتی، 2011، ل507). سەرباری ئەوەش پلانێکی دیاریکراو بۆ فێرکردنی خوێندکار لە قوتابخانەکان نەبوو، فێرکردن پشتی بە سەلیقەی تایبەتی مامۆستاکان بەستبوو. ئاستی خوێندەواری و فێربوون لە گوندەکان زۆر کەمبوو، بە هۆی نەبوونی قوتابخانە لەو ناوچانەدا، هەندێ جار خێزانەکان ناچار دەبوون منداڵکانیان بنێرنە قوتابخانە لەدەرەوەی گوندی خۆیان، دابینکردنی پەرتوك و تێکڕای پێداویستیەکانی خوێندن لە ئەستۆی منداڵەکان بوو، هەروەها سوتەمەنی و پاکردنەوەی قوتابخانە و بانگوشی[5] لە ئەستۆی منداڵ و خێزانەکانیان بوو. ئەوەش بارگرانییەکی دارایی قورس بوو بۆ خێزانەکان، کە توانای ناردنی منداڵەکانیانی بۆ قوتابخانە سنورداركردبوو (مستەفایی، 2024، ل29-30). سەبارەت بە خراپی دۆخی دارایی خوێنکاران و خانەوادەکانیان سەرباری داهاتی زۆری نەوتی ئێران، رۆژنامەی خاك و خون، لەژمارە ٦١دا کە لە رۆژی یەکشەممەی رێکەوتی ١٣ی ئاداری ١٩٦٦ بڵاوکراوەتەوە، لەهەواڵێکیدا باسی لە خراپی دۆخی دارایی خوێندکاران کردووە و ئاماژە بە کۆبونەوەی دایبابی خوێندکارەکانی خوێندنگەی حافزی ناوەندی لەگەڵ مامۆستاکانیان کردووە لە خانە، لە کۆبونەوەکەدا بڕیاری کۆکردنەوەی هاوکاری دراوە بۆ ئەو خوێندکارانەی پێڵاویان لە پێدا نییە و پێداویستییەکانی خوێندنیان نیە.(سەردەشتی، 2025، ل189).

جۆرێکی دیکەی ستەم و هەڵاواردن، کە رووبەڕووی نەتەوەی کورد بوویەوە لە کەرتی پەروەردەدا لە دەیەی ١٩٦٠کان، دوورخستنەوەی مامۆستایانی کورد بوو لە قوتابخانەکانی کوردستانی ئێران بە چەند قۆناغێك. هۆکاری دوورخستنەوەکە، ترسی ساواك بوو لە پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتی بە هۆی کاریگەری شۆڕشی ئەیلول لە کوردستانی عێراق لەلایەك (ئیسماعیل نەژاد، 2023، ل304)، هەر وەکو چۆن سەرۆك وەزیرانی ئێران عەلی ئەمینی لە سەردانەکەیدا لە ساڵی 1961بۆ ورمێ، مەهاباد، سەردەشت، سنە و سەقز درکی بە پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتی کردبوو لەو ناوچانە، لە گەڕانەوەیدا ناوبراو ئاماژەی بەوە کردبوو کە پێویستە لەسەریان ئاگاداری ئەو جۆرە ناسیۆنالیزمە کوردییە بن ( رەحمانی، 2024، ل47). لەلایەکی دیکەوە توانەوەی فەرهەنگی کوردی و بەفارسکردن، هۆکارێکی دیکەی دوورخستنەوەکە بوو، چونکە هێنانی سوپای زانست[6] کە لە رووکەشدا ئامانجی بڵاوکردنەوەی فێرکردن بوو لەسەرانسەری وڵات، بەڵام لە بنەڕەتدا ئامانجی ئەو کارە ناردنی مامۆستا کوردەکان بۆ ناوچە فارسنشینەکان و وانە وتنەوە و گفتوگۆکردن بوو بە زمانی فارسی، هەروەها هێنانی مامۆستای فارس بۆ ناوچە کوردنشینەکان بۆ ئەوەی منداڵانی کورد بە فارسی بخوێنن و بە فارسی بدوێن (ئیسماعیل نەژاد، 2023، ل301).

ئەو دوورخستنەوەیە لەو جۆرە سەرکوتانە بوو، کە کاریگەری گەورەی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی هەبوو. چونکە لەو قۆناغەدا ئاستی خوێندەواری نزم بوو، بە دوورخستنەوەی مامۆستایان و پرنەکردنەوەی شوێنەکانیان لە زۆر ناوچە، هێندەی دیکە پێکهاتەی خوێندن لە کوردستان تێکڕووخا. دەستپێکی دوورخستنەوەکە لە ساڵی 1963 لە شاری بانەوە دەستپێکرد ( ئیسماعیل نەژاد، 2023، ل295-296). هاشم کەریمی یەکێك بوو لە مامۆستا دوورخراوەکانی شاری بانە، باسی دوورخرانەوەی خۆی و چەند هاوڕێیەکی کردووە لە ساڵی 1963لە بانەوە بۆ ناوچەکانی سەر سنور، ناوبراو بۆ ناوچەی چەمپاراوی سەر سنور دوورخراوەتەوە، کە رێگای ئۆتومبێلی لەسەر نەبووە، بە پیادە چوار بۆ پێنج کاتژمێر رێ بووە ( کەریمی، 2021، ل86).

هاوینی 1964، هەڵمەتێکی دیکەی دوورخستنەوەی مامۆستایان لە ژێر ناوی بەرژەوەندی ئیداری دەستپێکرد، بە ئامانجی پچڕاندنی پەیوەندی مامۆستای کورد لەگەڵ خوێندکارە کوردەکاندا، تاکو کاریگەرییان لەسەر نەوەی داهاتوو نەبێت لە پەرەپێدانی هەستی نەتەوایەتی. لەرواڵەتدا دوورخستنەوەکان لەلایەن وەزارەتی پەروەردە و بە واژۆی جێگری وەزیری پەروەردە خانمی فەرۆخڕووی پارسا بوو، بەڵام لە بنەڕەتدا بەرنامەڕێژی دەزگای ساواك بوو. ئەم هەڵمەتەیان کاریگەری و دەنگدانەوەی زۆربوو، چونکە لەم هەڵمەتەدا هەموو مامۆستاکانی مەهاباد پێکەوە دوورخرانەوە بۆ شارەکانی تەورێز، قەزوین، ئەراك، محەللات، کاشان و دلیجان ..... لە ناوەندی ئێران. هاوکات لەگەڵ مامۆستاکانی مەهاباد، ژمارەیەك مامۆستا لە شارەکانی سەردەشت، بۆکان، سەقز و بانەش، دوورخرانەوە. مامۆستا دوورخراوەکان کە ژمارەیان چل بۆ پەنجا مامۆستابوو، خرانە ژێر چاودێرییەوەو رێگەیان پێنەدەدرا بگەڕێنەوە کوردستان ( ئیسماعیلنەژاد، 2723، ل296-297). ئەم

دوورخستنەوەیە جگە لەوەی کاریگەری لەسەر دابەزینی ئاستی خوێندەواری هەبوو، کاریگەری گەورەشی لەسەر خودی دوورخراوەکان و خێزانەکانیان هەبوو لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابورییەوە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دابران و حەسرەتی دووری لە خێزانەکاندا دروستکرد. ئەنوەر سوڵتانی کە یەکێك بوو لە مامۆستا دوورخراوەکان دەڵێت: ''لە ماوەی تەبعیدەکە جارێك باوکم هات بۆ سەردانی من لە ئەراك، پێم سەیر بوو، خاڵم هێنابووی لەگەڵ خۆی، دوو ڕۆژ لەلام بوو، دوایی پێکەوە چوینە تاران، لەوێوە ئەو چووەوە بۆکان و منیش گەڕامەوە بۆ شوێنەکەی خۆم، دوای چەند مانگ زانیم نەخۆش کەتبوو و ئیدی بەداخەوە هەڵنەستایەوە تا ئەوەی لە ساڵی 1967دا کۆچی دوایی کرد و منیش دیدارەو ئاخری بووم''. لە ڕووی ئابوریشەوە هەندێ لە دوورخراوەکان، تەنها سەرچاوەی داهات و پەیداکەری نانی ماڵ بوون، بە دوورخرانەوەیان کاریگەری ئابوری خراپیان لەسەر خانەوەدەکانیان بەجێهێشت (هەمان سەرچاوە، 2723، ل300).

لە ئەیلولی1965 هەڵمەتێکی دیکەی دوورخستنەوەی مامۆستایان بۆ شارەکانی ناوەند و دەوروبەری تاران دەستی پێکرد، لەم هەڵمەتدا نزیکەی دووسەد مامۆستا دوورخرانەوە ( توکلی، 1354، ل238). هاشم کەریمی، ڕەووف تەوەکولی، ساڵح خوسرەو زادە و محەمەد ئەحمەدی نەمەشیر لە دوورخراوەکانی بانە بوون، لەگەڵ ژمارەیەك مامۆستای دیکە لە شارەکانی دیکەی کوردستانی ئێران بە تایبەتی مەهاباد و سەردەشت و بۆکان، ئەوەی جێگای سەرنج بوو پێچەوانەی هەڵمەتەکانی دیکە، زۆرێك لەوانەی لەم هەڵمەتەدا دوورخرانەوە کەسانی نەتەوەیی نەبوون (کەریمی،2021، ل95). هەموو ئەوانە نیشاندەری دژواری ڕەوشی کۆمەڵایەتی ناوخۆی کوردستانی ئێرانن لەو قۆناغەدا لە سایەی ڕژێمی شاهەنشاهی..

ئەوەی جێگەی سەرنجە، بەدەستهێنانی بڕوانامەی زانکۆیی، لە نێو کوردە دوورخراوەکانی کوردستانی ئێران، دوا بە دوای دوورخستنەوەکە، زیادیکرد. دەزگار ساواك بێ ئاگا بوو لەوەی ئەم بەرنامە ڕێژییەیان بە دیوێکی دیکەدا لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەی کوردی دەشکێتەوە، چونکە مامۆستا دوورخراوەکان لە ناوەندی ئێران دەستیانکرد بە خوێندن لە زانکۆکانی تاران. تەنانەت دوورخراوەکانی ساڵی 1965و 1967 داوایان کرد بیان نێرن بۆ تاران و ناوەندی ئێران، بۆ ئەوەی سوود لە دوورخستنەوەکەیان وەربگرن و دەرفەتی بەدەستهێنانی بڕوانامەی زانکۆیان هەبێت (ئیسماعیلنەژاد، 2723، ل299). سادق شەرەفکەندی و هاوڕێکانی لە مەهاباد، لە دوورخراوەکانی هەڵمەتی ساڵی 1965 بوون، ناوبراو دوای ساڵێك لە تاران درێژەی بە خوێندنی زانکۆیی دا و توانی بڕوانامەی ماستەر لە کیمیای شیکاری بە پلەی یەکەم لە زانکۆی تاران بەدەست بهێنێت (شەرەفی، ب.س، ل112).

## تەوەری سێیەم: ڕەوشی سیاسی کوردستانی ئێران لە نێوان ساڵانی 1958-1967:

لە دوای کودەتاکەی ساڵی 1953 و کۆتایی هاتنی حوکمی نەتەوەیی محەمەد موسەدیق، بە گشتی لە ئێراندا سەرەتای سەردەمێکی نوێی ڕەهاگەرایی سیاسی دەستپێکرد. ئەم حوکمە ڕەهایەی محەمەد ڕەزاشا، لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی بە توندی سەرکوتکرد و مۆدێرنیزاسیۆنی پاوانخوازی حوکمی پەهلەوی چڕتربوویەوە. ئەم بارودۆخەی ئێران بەگشتی گۆڕانی چەپی لەو وڵاتەدا خێراترکرد. لە ڕاستیدا گەمارۆی سیاسی دوای کودەتاکە، ئەگەرەکانی خەباتی دیموکراتی نەهێشت، کە چالاکی حیزبی تودە و بەرەی نیشتمانی لەسەر بنیادنرابوو (کریمیان، 2024). بەتایبەت لە دوای سەرکوتی خوێناوی ڕاپەرینە جەماوەرییەکەی 1963ی ڕۆحانیەت دژ بە شۆڕشی سپی، دەرەتانی خەباتی مەدەنی لە ئێراندا نەما، هەروەها سەرکوتی ئۆپزسیۆنی قانونی دواین ئەزمونی ئاشکرابوو کە هەوڵیدا لە ڕێگەی خۆپیشاندان و مانگرتنەوە خەبات بکات دژ بە ڕژێم. مهەندیس بازرگان ئەندامی ڕێبەری نەهزەتی ئازادی(جووڵانەوەی ئازادی ئێران) لە کاتی دادگایکردن ڕایگەیاند " ئێمە دواین کەسانێکین لە چوارچێوەی قانونی بنەڕەتیدا خەبات و تێکۆشانمان هەبێت" ( نەقشی، 2015، ل29)، (بازیار، 2017، ل6). دەرئەنجامی ئەم دۆخە، گۆڕانکاری بوو بەرەو ناوکی نهێنی گروپە ژێرزەمینییەکان و مەیلێك بەرەو خەباتی چەکداری، وەك جێگرەوەی ڕەوتی تەقلیدی چەپ و خەباتی پەرلەمانی. چەند گروپێکی چەپ و ئیسلامی لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی خەباتی چەکداری لە نیوەی یەکەمی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو خۆی دەرخست. گوتاری ئەم نەوەیە، جەختکردنەوە بوو لەسەر خەباتی چەکداری، مەیلیان بەرەوە سۆسیالیزمی شۆڕشگێرانە و بیرۆکەی ماویزم بوو، پێچەوانەی سۆسیالیزمی خەتی سۆڤیەت بوون (کریمیان، 2024).

بە ووردبوونەوە لە بارودۆخی ناوخۆی کوردستانی ئێران لە دەیەی ١٩٦٠کان، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە سیاسەتی شا و ساواك لە کوردستانی ئێران، جیاواز بوو لەو سیاسەتەی لە کوردستانی عێراق پەیڕەویان کردووە، بە دیاریکراویش لە دوای شۆڕشی 14ی تەموزی 1958 و سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول لە کوردستانی عێراق، دەزگای ساواك لە کوردستانی عێراق بەرنامەی تایبەتی خۆی هەبوو بۆ پشتگیری و هاوکاری شۆڕشی ئەیلول (ئیسماعیلنەژاد، 2723، ل300). بەڵام لە کوردستانی ئێران سیاسەتی سەرکوت و وێرانکاری و دامەزراندنی ناوەندە سەربازییەکان، کاری لەپێشینەی ساواك بوو( پرۆونهووبیر، 2009، ل159). ساواك و دەزگا ئەمنییەکان دەسەڵاتی بێسنوریان هەبوو، سیاسەت و ڕەفتاری ئەوان ژیانی لە خەڵکی تاڵکردبوو. لەم قۆناغەدا بوو کە شا تاجگوزاری کرد و قۆناغێکی نوێی لەخۆبایی بوونی شا دەستپێکرد ( نەقشی، 2019، ل17).

کوردانی نیشتمانپەروەر لە ژێر زەبر و زەنگ و هەڕەشەی ڕژێمدا بوون، بە زەحمەت دەیانتوانی کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی بکەن، چونکە هەموو جووڵانەوەیەکی سیاسی و ئازادیخوازی بە توندی سەرکوتدەکرا ( نەقشی، 2019، ل118). ڕژێمی ئێران بەردەوام نکوڵی لە گەلی کورد دەکرد، تەنانەت کاری بۆ ئەوە دەکرد کە بە ناوی ئێرانێتییەوە، خۆی بکاتە خاوەنی دۆسیەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و ڕێگە لە گەشەکردنی هەستی نەتەوەیی کورد بگرێت. مەبەست لە بابەتی ئێرانی بوونی کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە لایەن ڕژێمی ئێرانەوە، قووتدانی تەواوی کوردستان بوو لەلایەك، لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵێك بوو بۆ جڵەوگرتنی جووڵانەوەی نەتەوایەتی کورد لە

پارچەکانی دیکەی کوردستان و بەکارهێنانیان لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی دژ بە حکومەتەکانی ناوچەکە و کوردستانی ئێران (سەردەشتی، 2011، ل464).

شۆڕشی 14ی تەموزی 1958ی عیراق کاریگەری بەهێزی لەسەر سیاسەتی ئێران هەبوو لە ناوخۆی کوردستانی ئێران و چاودێری و سیخوری دەزگا ئەمنییەکان چڕترکرایەوە. حەسەن ڕەستگار لە بارەوە دەڵێت:" ئەم ڕووداوە (شۆڕشی 14ی تەموز) کاریگەرییەکی ئێجگار زۆری لەسەر ئێران هەبوو، دەستبەجێ هاتوچۆی شەوانە لە مەهاباد قەدەغە ڕاگەینرا. هێزی سەربازی تایبەت شەوانە بە کووچە و شەقامەکانی شاردا دەگەڕان و پرسینەوەیان لە خەڵك دەکرد. (ڕەستگار، 2022، ل80). وەکو کاردانەوەیەکی دەستبەجێ لەسەر ئاستی ناوخۆ، ڕژێمی ئێران دەستی کرد بە میلیتالیزەکردنی کوردستانی ئێران لە ساڵی 1959، بە زیادکردنی هێزی سوپا و بەهێزکردنی بنکە سنورییەکان (کریمیان، 2024). هەروەها بنیادنانی ژمارەیەك سەربازخانەی نوێ لە شارە سنورییەکانی وەکو خانێ و جلدیان بە هاوکاری و بەشداری ژمارەیەك لە ئەفسەری ئەمریکی (حیسامی، 1987، ل39). ڕژێمی ئێران سودی لە بودجەی بێشوماری داهاتی نەوت دەبینی بۆ پرچەکردنی سەربازخانەکان و هێنانی ئەفسەری ئەمریکی و بیانی بۆ سەرکوتی ئازادیخوازانی ناوخۆ (کوێستانی، 1996، ل55-56)، سێبەر و هەڕەشەی ساواك بست بە بستی کوردستانی ئێران تەنی بوو، لە بچوکترین جووڵانەوەی تاکەکانیش دەستێوەردانی دەکرد، لە دەرئەنجامدا حیزبی دیموکراتی کوردستان کە تاکە هێزی سیاسی ئەو سەردەمەی کوردستانی ئێران بوو، زۆرینەی ئەندامەکانی دەستگیرکران یان ئاوارەی دەرەوەی وڵات بوون (نەقشی، 2019، ل35).

ساواك لە پایزی 1959 شەپۆلێکی بەرفراوانی دەستگیرکردنی لە چالاکانی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ئەوانەی مەیلیان بۆ ئەو حیزبە هەبوو ئەنجامدا لە کرماشانەوە تاوەکو سەڵماس. نزیکەی 250 کەسیان دەستگیرکرد و سەرجەمیان کەوتنە بەر ئەشکەنجە و ئازار و تەنانەت سزای لە سێدارەدانیشی تێدابوو ( حیسامی،1987، ل85-86)، ( ئەسکەندەری، 2021، ل79).

هاوشان لەگەڵ سیاسەتی سەرکوت و گرتن و زیندانی و دوورخستنەوەدا، ساڵی 1959 ساواك سیاسەتێکی دیکەشی گرتەبەر، وەکو نیشاندانی نیازپاکی بە ئامانجی لە خشتەبردنی گەلی کورد و چەسپاندنی نفوزی خۆی لە کوردستانی ئێران و قووتدانی تەواوی کوردستان. پەخشی بەرنامەی کوردی لە کەناڵێکی ڕادیۆیی، دەرکردنی ڕۆژنامەیەك بە زمانی کوردی بە ناوی کوردستان[7] و هەڵوەشاندنەوەی سزای لە سێدارەدان و گۆڕینی بۆ سزای تاهەتایی بۆ چوار کەس لە ئەندامانی ح.د.ك کە بریتی بوون لە (غەنی بلوریان، ڕەحمەتی شەریعەتی، عەزیزی یوسفی و عەلی مەولەوی )، لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتەی ساواکدا بوون (بختیاری، 2014، ل79). ڕۆژنامەکە بۆ دەرەوەی کوردستانی ئێران ڕەوانە دەکرا و باسی لە کوردایەتی، خەبات و شۆڕش و مافی کورد دەکرد. شیعری نەتەوەیی تێدا دەنوسرا (ئیسماعیلنەژاد، 2723، ل301). لە ڕادیۆی تارانیش 15 خولەك تەرخانکرا بۆ بەرنامەیەکی کوردی، پاشان بەرنامەکە بۆ یەك کاتژمێر زیادکرا، پەخشی بەرنامەکە بۆ شارەکانی مەهاباد، ورمێ، سنەو مەشهەد بوو. پاشان لە تەلەڤزیۆنی تاران هەفتانە یەك کاتژمێر تەرخانکرا بۆ بەرنامەی هونەری و هەڵپەڕکێ (پژمان، 1997، ل43)، دواتر ڕادیۆی کوردی کرماشان دامەزرا.

گەرچی ئەم سیاسەتە ئامانجی قووتدانی کوردستان و شێواندنی وێژەو فەرهەنگی کوردی بوو، بەڵام یەکێك لە دەرئەنجامەکانی ئەو سیاسەتە فێربونی خوێندنەوە و نوسینی زمانی کوردی بوو لای زۆرێك لە گەنجانی کورد لەو قۆناغەدا (ئیسماعیلنەژاد، 2723، ل301). لەو بارەیەوە ئەحمەد ئەسکەندەری دەڵێت:" گوێگرتن لە بەرنامەی کوردیی ڕادیۆی کرماشان و بەتایبەت تاپۆ و بوومەلێڵ کە شاعیری بەناوبانگ سوارەی ئێلخانیزادە بەرێوەی دەبرد، سەرچاوەیەکی باش بوو بۆ ئاشنا بوون لەگەڵ زمانی کوردی و هەروەها شێعری شاعیرانی کورد. لە ماڵی ئێمە هیچ کتێب یان نوسراوەیەك بە زمانی کوردی نەدەبینرا، کەسیش لە دەوروبەرمان نەبوو کە کوردییەکی ڕێك و پێك بزانێت کە بمانتوانیبا لە نزیکەوە لێوەی فێربین" (ئەسکەندەری، 2021، ل102).

سەرەڕای ئەو کەشە پۆلیسی و ستەمکارانەیەی ساواك، ساڵانی دەیەی 1960ەکان بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، دەیەی بووژانەوە و خەبات بوو لە بواری سیاسی و ئەدەب و هونەردا. بە جۆرێك شیعری بەرگری ئەو سەردەمەی کوردستانی ئێران، لە هەردوو دیوی کوردستانی ئێران و عێراق، بەشێکی زەنگینە لە ئەدەبی کوردی. ئەم بوژانەوە سیاسیە- ئەدەبیە بەشێکی بەهۆی چوونی ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی ح.د.ك بوو بۆ کوردستانی عێراق، بەشێکی دیکەش کاریگەری تێکۆشانی سیاسی و ئەدەبی بوو لە زانکۆکانی تاران ( قاسمی، 2024، ل12). زانکۆ هەمیشە کەشێکی چالاکانەی هەبوو، خوێندکارانی کوردستانیش لە کرماشانەوە تا مەهاباد و بۆکان و شنۆ، لە پاش ڕیفۆرمی زەوی، پرسی نەتەوەیی، فکر و ئەندێشەیانی سەرقاڵکردبوو (اردلان، 2023).

لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، کەمینەیەکی لاوانی کورد لە چینە باڵاکانی کۆمەڵگەی کوردستان چوونە نێو زانکۆکان و یەکەم ڕێکخراوی کوردیان لە زانکۆی تاران بنیادنا (کریمیان، 2024)، بە ناوی (کۆمیتەی خوێندکارانی کورد لە زانستگای تاران)، دواتر ناوەکەیان گۆڕی بۆ (یەکیەتی خوێنکارانی کورد لە زانستگاکانی ئێران) (ئەمیری، 2012، ل83-84). ئەم کۆمیتەیە بە دەستپێشخەری دکتۆر هاشمی شیرازی[8] بوو( قاسمی، 2024، ل13). دامەزراندنی لەلایەن سەلاحەدینی موهتەدییەوە[9] بوو . دامەزرێنەری ناوبراو باس لەوە دەکات کە ئامانجی ڕێکخراوەکە بریتی بووە لە ڕزگاری کوردستان و گرنگیدان بە زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیری کورد (بازیار، 2020، ل214-216). گرنگترین کارو چالاکی ئەم کۆمیتەیە، گرێدانی کۆڕو کۆبوونەوەی سیاسی و ئەدەبی بوو. لەگەڵ گەرمبوونی شۆڕش لە کوردستانی عێراق، کاری ڕێکخراوەکە بە کردەوە بووبە کۆکردنەوەی کەلوپەل و هاوکاری و گەیاندنی بە شۆڕش لە کوردستانی عێراق. حیزبی دیموکراتی کوردستان توانی پەیوەندی بە خوێندکارەکانەوە بکات و گرێیان بدات بە ڕێکخستنەکانی خۆیەوە. پاش ئەوەی ساڵی1961 ئەحمەد تۆفیق بە نهێنی سەردانی

تارانی کرد، توانی لەو سەردانەیدا پەیوەندیان پێوەبکات، خوێندکارەکان بە فەرمی پەیوەندییان کرد بە حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە و دواتر وەکو بەشێك لە ڕێکخستنەکانی ئەو حیزبە درێژەیان بە چالاکییەکانی خۆیاندا (قاسمی، 2024، ل14-15). ئەوەش بۆ یەکەم جارە لە مێژووی ح.د.ك پەیوەندی نێوان زانکۆ و ئەو حیزبە پێکبێت و خوێندکارو لاوی ڕوناکبیری کوردستان بێنە ڕیزی ڕێکخستنەکانی ئەو حیزبە و پاشان مۆرك و جێپەنجەی خۆیان لە قۆناغەکانی داهاتووی ئەو حیزبە و کوردستانی ئێراندا بنەخشێنن (بازیار، 2020، ل215). لە دیارترینی ئەو خوێندکارانە ( سمایلی شەریفزادە[10]، حەمەدەمینی سیراجی، ئەمیر حەسەن پور، مستەفا ئیسحاقی، عەلی حەسەنیانی، سوارەی ئێلخانی زادە، فاتیحی شێخولئیسلامی، ئەمیری قازی، سەلاحەدینی موهتەدی و ڕەحمانی شەریفزادە) بوون. تاوەکو ساڵی 1963 ئەو کۆمیتەیە کۆمیتەیەکی ناسیونالیستی بوو  (tv streak rawej,2014 ).

بە شێوەیەکی گشتی خوێندکارە تێکۆشەرەکانی دژ بە ڕژێمی ئێران زیاتر لە کۆلێژەکانی تەکنیکی و یاسا و ئەدەبیاتدا کۆببونەوە و بیرباوەڕی چەپ لەنێویاندا بەهێزبوو، بەتایبەتی باڵی چەپی شۆڕشگێڕی، کە لەو کاتەدا زیاتر لە ماویزم و ڕەوتی جەنگی پارتیزانی خۆی دەنواند. زۆربەی چەپی ئەو قۆناغە دژی یەکیەتی سۆڤیەت و حیزبی توده بوون. لایەنگری چین و ماوسیتۆنگ بوون، نوسینەکانی ماو دەست بە دەست لە نێو خوێندکارەکاندا ئاڵوگۆڕی پێدەکرا ( کەریمی، 2021، ل97). بۆیە دەبینین لە کۆتاییەکانی دەیەی ساڵانی 60ەکان لە ڕووی فکری سیاسییەوە، دیارترین بیروڕای سیاسی زاڵبوونی گووتاری چەپی بزوتنەوە دژبەرەکانی وڵاتانی دیکتاتۆری گرێدراوی ئۆردوگای ئیمپریالیستی بوو. سەرکەوتنی شۆڕشی کوبا، خۆڕاگری خەڵکی ڤێتنام، شەڕی جەزائیر، شۆڕشی خوێندکاری 1968ی فەرەنساش ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لەسەر زاڵبوونی ئەم گووتارە. ئێرنێستۆ جیڤارا(1928-1967) لەو قۆناغەدا هێمایەك بوو بۆ ئەو گەنجانەی کە خوازیاری گۆڕینی دۆخی هەنوکەیی وڵات بوون بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ. بۆیە دەبینین لە کۆتاییەکانی دەیەی ساڵانی١٩٦٠ەکان لە زۆرێك لە وڵاتاندا، بیری چەپی نوێ خۆی خزاندە نێو چینی گەنج و خوێندەواری کۆمەڵگە، بە تایبەتی ئەو کۆمەڵگایانەی کە ستەمی چینایەتی و نەتەوایەتی ئازاری دەدان، خوێندکارە کوردەکانی زانکۆکانی تارانیش بەشێك بوون لەو خوێندکارانەی کە پەلکێشی ئەو فکرە سیاسیە بوون ( باباخانی، 2018، ل5). هاوکات لەو قۆناغەدا لە هەناوی زانکۆکانی تاران ڕێکخراوی (چریکە فیداییەکانی خەڵق[11]، موجاهیدنی خەڵق[12]، کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی توده و ڕێکخراوی تۆفان) لە ژێر کاریگەری بیری ماویزم و تیۆری جەنگی پارتیزانی دامەزران، هەمان تیۆر و فکر لەلایەن خوێنکارە کوردەکانەوە پێشوازی لێکرا (سەردەشتی، 2011، ل515-516).

هاوشان لەگەڵ گەشەی بزوتنەوە خوێندکارییەکانی دیکەی ئێران و جیهان دەستەیەك لەو خوێندکارانە مەیلیان بەتەواوی بەرەو هێڵی فکری چەپ  و مارکسیزم ڕۆشتن، هەر بۆیە لە ساڵی 1963 بە دواوە کۆمەڵێك لەو خوێنکارانە لە هێڵی فکریە ناسیۆنالیستیەکە جیابوونەوە، لەوانە فاتیحی شێخولئیسلامی و ئەمیر حەسەن پور، ئەوانی دیکەیان لەسەر هێڵی ناسیۆنالیستی مانەوە  .(tv streak rawej,2014 ) چالاکیەکانی خوێندکاران سەرنجی دەزگا سیخورییەکانی زیاتر بەلای خۆیدا ڕاکێشابوو. بەڵگەنامەیەکی ساواك لە 28ی ئەیلولی 1962 باس لە سەردانی سەڵاحەدینی موهتەدی دەکات بۆ کوردستانی عێراق و دیداری مەلا مستەفا وێڕای شەش خوێندکاری کرماشانی، لە بۆکانەوە چوون بۆ دیداری مەلا مستەفا و خۆیان بە نوێنەری خوێندکاران پێناساندووە ( چپ در ایران، ل84). هاوکات لەو قۆناغەدا ساواك هەڵمەتێکی دیکەی دوورخستنەوەی لە بۆکان و شارەکانی دیکە ئەنجامدا، لەو هەڵمەتەدا هاوشان لەگەڵ مامۆستایان ژمارەیەك لە بنەماڵەی ئێلخانیزادە و موهتەدی و دیبوکری کردە ئامانج، بە هۆکاری بوونی پەیوەندیان بە شۆڕشی ئەیلولەوە، لەوانە قاسم ئاغای موهتەدی و برایم ئاغای ئێلخانیزادە ( ئیسماعیلنەژاد، 2723، ل304).

لە دوا ڕۆژەکانی زستانی 1964جارێکی دیکە دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی شاهنشاهی هێرشیان کردەوە سەر ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، هێرشەکە بەردەوامی هەبوو، تاکو دوو بۆ سێ ڕۆژ لە دوای نەورۆز( حەسەن زادە، 2002، ل192). زیاتر لە 100 کەس لە ئەندامانی ح.د.ك لە مهاباد، نەغەدە، پیرانشەهر و سەردەشت و ناوچەکانی دیکە دەستگیرکران و خرانە زیندان، بەشێکیشیان دوورخرانەوە بۆ خوارووی ئێران و شاری بافت. لە ئەنجامی ئەم پەلامارە دەیان ئەندام و کادری ح.د.ك ڕوویان لە کوردستانی باشور کرد بە مەبەستی درێژەدان بە خەبات. تەنانەت ئەو گەنجانەش کە بە تۆمەتی زیندانی سیاسی لە زیندانەکانی ئێران بوون، لە دوای ئازاد ببونیان ڕوویان لە کوردستانی عێراق کرد بەهۆی فشاری ساواك لەلایەك، بە مەبەستی بەشداری کردن لە شۆڕشی کوردستانی عێراق لەلایەکی دیکەوە ( مەرەسەنە، 2006، ل30-31). هاوکات ژمارەیەکی بەرچاو لە خوێندکارانی یەکیەتی خوێنکارانی کورد کەوتە بەر لێشاوی ئەو هەڵمەتی دەستگیرکردنە، لە ئەنجامدا ژمارەیەکیان دەستگیرکران لەوانەش (عەلی حەسەنیانی، ڕەحمانی شەریفزادە، سوارەی ئێلخانیزادە و عەزیز ژیان). ژمارەیەکیشان خۆیان ڕزگارکرد و توانیان خۆیان بگەیەننە کوردستانی عێراق دیارترینیان( سمایلی شەریفزادە، حەمەدەمینی سیراجی و سالاری حەیدەری) بوون. کە دواتر ڕۆڵی بەرچاویان گێڕا لە ڕووداوەکانی ح.د.ك و جووڵانەوە چەکدارییەکەی 1967-1968. بەم جۆرە ڕێکخراوە خوێندکارییەکە لێدانێکی توندی بەرکەوت ، کە تاکو ساڵی 1966 نەیتوانی هەستێتەوە ( ئەمیری، 2012، ل85).

یەکێکی دیکە لە سیاسەتەکانی ڕژێم لەو قۆناغەدا کە دارێژەرەکەی حوسەینی فەردووست[13] بریتی بوو لە گەڕانەوە بۆ ئێرانی فەرهەنگی، کە لەڕێگەی میدیاوە ئەو باسانەیان دەخستە ڕوو کە کورد بەشێکە لە ئێرانی  فەرهەنگی و  کوردو هەر جێگەیەك کوردی لێبێت ئەوە ئێرانە. پەیڕەوکەرانی ئەو سیاسەتە زیاتر پەیوەندیان بە کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە دەکرد بە بەراورد بە کوردی کوردستانی ئێران. وەکو پەیوەندی کردن بە عیسمەت شەریف وانلی و جەمال نەبەز. پان ئێرانیستەکان لە لوتکەی ئەو سیاسەتەدا بوون. هەرچەندە ئەم دوو کەسایەتیە سەر بە پان ئێرانیستەکان نەبوون، بەڵام ئامانج لەو پەیوەندیە، ڕاکێشانی سەرنجیان بوو بەرەو ئێران. لە ناوخۆی وڵاتیش

چالاكیان هەبوو لە هەندێك لە شارەكان لەسەر دیوارەكان دروشمی ئێرانی بوونی كوردیان هەڵدەواسی. هاوكات ڕۆژنامەی خاك و خون كە بڵاوكراوەیەكی پان ئێرانیستەكان بوو لقی لە زۆربەی شارەكان هەبوو ( ئیسماعیلنەژاد، 2723، ل303) .ئامانجی پان ئێرانیستەكان زیندوكردنەوەی شكۆی مێژووی دێرینی ئیمپراتۆریەتی شاهەنشاهی ئێران و هاوبەستەگی نەژادی و فەرهەنگی گەلانی ئاریایی بوو، كە خاوەن ڕیشە و زمان و نەریت و مێژووی هاوبەشن وەك فارس و كورد و بلوچ و لور ....هتد. پان ئێرانیستەكان بە بایەخەوە لە ڕووداوەكانی كوردستانی عێراقیان دەڕوانی، بەو پێیەی نەتەوەی كورد سەر بە گەلی ئارییە لەلایەك، لەلایەكی دیكەشەوە بە هۆی ڕووخانی دەوڵەتی ساسانییەوە لەلایەن خێڵە عەرەبە موسڵمانەكانەوە تێڕوانینی نەرێنیان بۆ ڕەگەزی عەرەب هەبوو( سەردەشتی، 2025، ل4-5).

دەبینین ستەمی دەوڵەتی ئێران بەرامبەر بە كوردستانی ئێران لە شێوە لەناوبردنی كلتور و ڕێگەگرتن لە پێشكەوتنی كەسایەتی نەتەوەیی و تێكدانی ژیانی ئابوریدا خۆی بینیوەتەوە (سابیر، 2014، ل 215). بۆیە دەتوانین بڵێین، توندی شەپۆلی جۆراو جۆری سەركوتی چالاكی سیاسی و خەڵكی ئاسایی لە ساڵانی 1959-1964 بە شێوەیەكی بەرفراوان ، ڕەوایەتی دا بە خەباتی چەكداری لە كوردستانی ئێران دژی حكومەتی پەهلەوی ( كریمیان، 2024). لەو بارەیەوە سولەیمانی موعینی[١٤] دەڵێت:'' ژیانی بە ئاسایش لە ئێراندا هیچ ماناو و ناوەڕۆكێكی نەماوە حكومەتی داروشكەنجە هەوای ئێرانی ژاراوی كردووە. پشوی لە تێكۆشەران بریوە ئەو خەباتكارانە ناچارن بۆ پارێزگاری لە شەرەف و ئینسانیەتیان پردەنە چەک پەنا بۆ لێرەوار و شاخ و ئەشكەوت بەرن" ( حیسامی، ١٩٨٨، ل ٤٩).

## ئەنجام:

یەكەم-ڕەوشی ناوخۆی كوردستانی ئێران لە ماوەی ساڵانی 1958 بۆ 1967 ، لەسەردەمی محەمەد ڕەزاشای پەهلەوی بە گشتی دژوار بوو، سەرەڕای سەركوتی سیاسی، لە بواری ئابوری و كۆمەڵایەتیەوە ناوچەكە پشتگوێخرابوو، ئەوەش كاریگەری هەبوو لەسەر نارەزایی دانیشتوان و بیركردنەوە لە شێوازی ڕزگاربوون لەو ستەمە .

دووەم-لە ڕووی ئابورییەوە بە گشتی كۆمەڵگەی كوردی پشتی بەكاری كشتوكاڵی بەستبوو، بەهۆی ئەوەی ڕەوتی پیشەسازی ڕووی لە ناوچەكانی كوردستانی ئێران نەكردبوو. زەوییە كشتوكاڵییەكانیش لە ژێر دەستی ئاغا و دەرەبەگەكاندا بوون، هەرچەندە لەلایەن جووتیار و وەرزێرانەوە بەرهەم دەهێنران، بەڵام جوتیاران لە خێرو بێری زەوییەكان بێبەشبوون. لەسایەی دۆخی چینایەتی باودا، جووتیار و وەرزێران دەچەوسێنرانەوە و جۆرەها بێگاریان پێدەكرا و موڵكانەیان دەدایە ئاغا. چاكسازییەكانی زەوی لە شۆڕشی سپی نەیتوانی كێشەكان چارەسەر بكات هەرچەندە سیستمی دەرەبەگایەتی لاوازكرد و بەشێك لە زەوی لە دەستی دەرەبەگ و ئاغاكان دەرهێنا، بەڵام بەشێكی كەمی جووتیارانی كردە خاوەنی زەوی بە شێوەیەكی نایەكسان. هاوكات بەشێكی جووتیارانی بێ زەوی كرد، ئەوانیش لە ناچاریدا ڕوویان لە شارەكان كرد، ئەوەش بووە هۆی گرانی و دروستبوونی بێكاری، بۆیە دەتوانین بڵێێن شۆڕشی سپی نایەكسانی ئابوری و كێشە ئابورییەكانی قوڵتركردەوە، ئەوەش جێگە نارەزایی كۆمەڵگەی كوردی بوو لە سیاسەتی ئابوری ڕژێمی شاهەنشاهی.

سێیەم-ڕەوشی كۆمەڵایەتی كوردستانی ئێران سەخت و ناهەموار بوو، بێگومان خراپی بارودۆخی ئابوری و سیستمی دەرەبەگایەتی كاریگەری لەسەر ڕەوشی كۆمەڵایەتی هەبوو. ئاستی خزموتگوزارییەكان زۆر نزم بوو، بێبەش بوون لە زۆرینەی خزمەتگوزارییەكانی وەكو كەرتی ئاوەدانكردنەوە و ڕێگاوبان، پەروەردە و تەندروستی. بارودۆخی گوندەكان بەراورد بە شارەكان خراپتر بوو، ڕژێمی شاهەنشاهی سیاسەتی پشتگوێخستنی ناوچەكەی گرتبوویە بەر، دەزگا كارگێڕی و پەیوەندیدارەكان بێباك بوون لە خزمەتی هاوڵاتیان و بەڕێكردنی كاروبارەكان، لە ڕاستیدا دەسەڵاتی ڕاستیینە بە گشتی لە كوردستانی ئێران لە ژێر دەستی سوپا و ساواكدا بوو، بە هەموو جۆرێك خەڵكیان دەچەوساندەوە و لەگەڵ دەرەبەگ و ئاغاكاندا بوون ، بێسنوری دەسەڵاتی ساواك و دەست وەردانە نێو هەموو كاروبارەكان ببووە مایەی بێزاری و تورەیی دانیشتوان لە ڕژێمی شاهەنشاهی.

چوارەم-ڕەوشی سیاسی لە ناوخۆی كوردستانی ئێران خۆی لە سەركوتی نیشتمان پەروەران دا دەبینییەوە، هیچ دەرەتانێك بۆ كاری سیاسی و ڕێكخراوەیی و پەرلەمانی بوونی نەبوو، لەم قۆناغەدا لە سەرانسەری ئێران سەرجەم هێز و لایەنە ئۆپۆزسیۆنەكان بە توندترین شێوە سەركوتكران. لە كوردستانی ئێرانیش ساواك چەند شەپۆلێكی دەستگیركردن و دوورخستنەوەی نیشتمان پەروەرانی ئەنجامدا، ژمارەیەكی زۆر لە ئەندامانی حیزبی دیموكراتی كوردستان خرانە نێو زیندانەكان، ژمارەیەكی دیكەش ناچار بە هەڵهاتن بوون بۆ كوردستانی عێراق.

پێنجەم- سەركوتی نیشتمانپەروەران نەیتوانی كۆتایی بە خەبات بهێنێت لە كوردستانی ئێران، لە سەرەتای ساڵانی دەیەی شەست، خوێندكارە كوردەكانی زانكۆكانی تاران پەلكێشی بیری چەپی نوێ بوون و سەرسامبوون بە شۆڕشگێڕەكانی ئەوكاتی ئەمریكای لاتین و ئاسیاو ئەفریقا، ئەو شۆڕشگێڕانەیان كردە سیمبوڵ و شێوازێكی نوێی خەبات تاقیكردەوە، كە خۆی دەبینییەوە لە خەباتی چەكدارانە، لەپاڵ بەشێك لە كادرەكانی حیزبی دیموكراتی كوردستان، لەپێناو ڕزگاری نەتەوەكەیان.

## پەراوێزەكان:

١ كوردستانی ئێران لەو قۆناغەدا، پێنج پارێزگای لەخۆگرتووە، ئەوانیش پارێزگاكانی (سنە(كوردستان)، كرماشان، ئیلام، ئورمیە، لوڕستان).

2 مەلا ئەحمەدی شڵماشی ناسراو بە مەلا ئاوارە لە ساڵی 1934 لە گوندی شڵماش لەدایك بووە، خوێندنی لە مزگەوت لای باوكی تەواو كردووە. لەو گەشتانەی كە بەمەبەستی خوێندن ئەنجامیداوە لە كوردستان، هەستی بە هەژاری و نەهامەتییەكانی گەلی كورد كردووە و لە هۆنراوەكانیدا ئاماژەی بە ئازاری گەلەكەی كردوو. بە مەبەستی كاری سیاسی و خەباتكردن لە پێناو ڕزگاری نەتەوەكەی لە ژێر ستەمی چینایەتی و نەتەوایەتی پەیوەندی بە ح.د.ك وە كردووە، بۆ زیاتر بڕوانە: حیسامی، 1971، كاروانێك لە شەهیدانی كوردستان،

3 مەلا ئاوارە لە هۆنراوەی هاواری توتنەوان دا سەرەتا باس لە نەهامەتییەكانی جووتیار و وەرزێر دەكات و دەڵێت

توتنەوانێكی هەژارم بێ خانو و زەوی و زارم

بێ پوڵ و باخ و بزن و مەڕ دوور لە خێرم نزیك لەشەڕ

مندالَم رووت و برسیە          ژینم پڕ لە مەترسیە.........

لە هەمان هۆنراوە بەمەبەستی ڕزگاربوون لەو دۆخە دژوارە ڕوودەکاتە وەرزێران و دەڵێت:

ئەی وەرزێران ، ئەی جووتیاران          ئەی توتنەوانی ماڵ وێران

با بە یەك دڵ و یەك زوبان          بە خەباتی شێلگیریمان

تا دوا پشوو هەوڵ دەین          شەق دەو ڕژێمە هەڵدەین

یەکگرتن هۆی سەرکەوتنە          خەبات ڕێگەی دەستکەوتنە....

بۆ زیاتر بروانە حسن پور، محمد رەسوڵ، 1380، یادا یاران ساتێك لەگەل مەلا ئەحمەدی شلماشی،ب.ش، ب.چ.

4 ڕۆژنامەی خاك و خون ئۆرگانی حیزبی پان ئێرانیست بوو، لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیستەم هەفتەی سێ جار چاپ و بڵاوکراوەتەوە. لەبەرئەوەی حیزبی پان ئێرانیست لایەنگری دەوڵەتی شاهەنشاهی ناسیۆنالیستی ناوەندگەرا  و مۆدێرن بوو، لە ئۆرگانەکەیدا چەندین هەواڵی ناوچە جیاوازەکانی کوردستانی ئێرانی بڵاوکردۆتەوە کە تایبەتن بە نارەزایی لە سیستمی دەرەبەگایەتی و کەم و کوڕییەکانی کەرتی پەروەردە و تەندروستی و خەمساردی حکومەتی ئێران لە ئاستی کوردستانی ئێران. بۆ زیاتر بروانە: سەردەشتی، 2025، خاك و خون سەرچاوەیەکی مێژووی هاوچەرخی کوردستانە ب.ش، ب، چ.

5 عەبدوڵلای حەسەن زادە خەڵکی ئاوایی سی سێری ناوچەی سەردەشتە، خوێندنی ئایی تەواو کردووە. ساڵی 1953 بۆتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و چەندین جار پۆستی جیای لەو حیزبە وەرگرتووە، ساڵی 1995 بووە بووە بە سکرتێری گشتی و ماوەی 10 ساڵ لە پۆستەدا بەردەوام بووە. ساعدی، بێژەن، 2019، حەقیقەتی مێژوو، چاپی یەکەم.

6 بانگوشی بە کرداری ڕامالینی بەفری سەربانی خانووی لە گڵ دروستکراو دەوترێت لەکاتی بەفر بارین، هەروەها کرداری گێڕانی باگردێن بە سەربانە لە گڵ دروستکراوەکان لە کاتی باران بارین بە مەبەستی ڕێگریکردن لە هاتنە خوارەوەی ئاو و باراناو بۆ ناو خانووەکان.

7 سوپای زانست خانی شەشەم بوو لە بنەماکانی شۆڕشی سپی، ئەندامانی سوپای زانست خاوەنی بڕوانامەی دبلۆم بوون. لەبەرامبەر نەچوون بۆ خزمەتی سەربازی ڕەگەزی نێر دەبوو بچێتە سوپای زانست  و لە گوندە دوورە دەستەکان وانە بڵێنەوە بە مەبەستی بورەنگاربوونەوەی نەخوێدەواری.بۆ زیاتلر بروانە margiran :مرجع فراگیر مجلات علمی و نخصصی ایرانی، 2025.

8 ڕۆژنامەی کوردستان کە لە تاران بە پشتیوانی ساواك دەرکرا، سەرنوسەرەکەی عەبدولحەمید بەدیعولزەمان بوو، دەستەی نوسەرانیش پێکهاتبوون لە ئەحمەد موفتی زادە، سوارەی ئێلخانیزادە، محەمەد سدیق موفتی زادە، عابد سیراجەدین و شوکرولای بابان. بۆ زیاتر بروانە:بختیاری، اسماعیل، 2014، نگرشی تاریخی بر جنبش مسلحانەی 1946-47 کردستان(مکریان) در رژیم شاە، سلیمانیە، نشر چوارچرا.

9 دکتۆر هاشمی شیرازی خەڵکی شاری مەهابادە، زاوای قازی محەمەدی سەۆك کۆماری میللی کوردستانە. ناوبراو ئەندامی سەرەتایی و چالاکی کۆمەڵەی ژ.ك بووە و دواتر لەسەر داوای قازی محەمەد چۆتە تاران، پاشان پەیوەندی بە حیزبی تودەوە کردووە. لە ناوەڕاستی شەستەکان چەند ساڵێك زیندانی کراوە لە لایەن ڕژێمی شاهەنشاهییەوە. کۆلێجی پزیشکی لە تاران خوێندووە. ساڵی 1997 بە نەخۆشی شێرپەنجە لە تاران کۆچی دوایی کردووە، بۆ زیاتر بروانە: سەردەشتی، یاسین، 2023، چەند لاپەڕە یەك لە ژیانی ئیحسان نوری پاشا لە یاداشتەکانی دکتۆر هاشمی شیرازی دا.

10 سەڵاحەدینی موهتەدی ساڵی 1938 لە دایك بووە، لە گوندی قولقولەی شاری بۆکان. خوێندنی سەرەتایی لە بۆکان  و ناوەندی لە تەورێز خوێندووە، پۆلی 11 و 12ی لە تاران خوێندووە. ڕەحمان ئاغای باوکی وەزیری دەرەوەی کۆمار بووە، دوای ڕوخانی کۆمار خێزانەکەیان ڕووی لە تەورێز کرد. پاشان لە بەشی یاسای زانکۆی تاران وەرگیراوە، لەو  زانکۆیە یەکیەتی خوێندکارانی کورد یان لە زانکۆی تارن دامەزراند، بۆ زیاتر بروانە: غەفور، خەڵەف، 2019، هەتاوی ئازادیخوازی، چاپی یەکەم.

11  سمایلی شەریفزادە ساڵی 1943 لە مەهاباد لە دایك بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و پۆلی 10 و 11ی لە مەهاباد خوێندووە، پۆلی 12ی لە تاران تەواو کردووە، پاشان لە بەشی ئەلەکتریك و میکانیك لە زانکۆی تاران وەرگیراوە. لەسەرەتای خوێندنی زانکۆدا تێکەڵ بە کاری سیاسی بووە، لەگەڵ خوێندکارە مارکسیستەکانی زانکۆی تاران تێکەڵ بە یەکیەتی خوێندکارانی کورد بووە و خەباتیان لە پێناو ئازادی نیشتمان و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی کردووە، پەلامارەکەی ساڵی 1964 ی دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێم، شەریفزادەی ناچار کرد کە ڕوو لە کوردستانی عێراق بکات بە مەبەستی دوورکەوتنەوە لە چاوی دەزگا ئەمنییەکان و درێژەدان بە خەبات. بۆ زیاتر بروانە: حیسامی، کەریمی، 1971، کاروانێك لە شەهیدانی کوردستان.

12 چریکە فیدایییەکانی خەلق لە ئەنجامی یەکگرتنی دوو گروپ پێکهات، گروپی یەکەمیان ژارەیەك ئەندام و لایەنگری حیزبی تودە بوون بە ڕابەرایەتی بێژەنی جەژنی، گروپی دووەم کۆمەڵێك لاوی مارکسیست بوونبە ڕابەری مەسعودی ئەحمەد زدە .ئەم ڕێکخراوە بە پەیڕەوی کردن لە ئایدۆلۆژیای مارکسیسم – لێنینیسم و سەربەخۆ لە بلۆکی جیهانی کمۆنیزم کەوتە کار. بۆ زیاتر بروانە سەردەشتی، یاسین، 2011، کوردستانی ئێران،

13 موجاهیدنی خەلق لە ساڵی 1966 دامەزرێنرا لە لایەن (محەمەد حەنیف نەژاد، عەلی ئەسغەر بەدیع زادەگان و سەعدی موحسنی). ئەحمەد ڕەزایی یەکێك لە ئەندامانی ڕێکخراوەکە ئایدۆلۆژی ڕێکخراوی دارشت کتێبکی بە ناوی( نهضت حسینی) دانا. لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە ڕێکخراوەکە تێکەڵەیەکی سەیر بوو لە بیری چەپی ئیسلامی، ناسیونالیستی پەرگیر بە مارکسیستی سواغ درابوو. بۆ زیاتر بروانە : سەردەشتی، یاسین، 2011، کوردستانی ئێران.

14حوسێنی فردۆست (1917-1987) یەکێك بوو لە ئەفسەرە هەرە پایە بڵندەکانی ئێران و نزیکترین کەسایەتی بوو لە محەمەد ڕەزاشای پەهلەوی. ماوەیەك بەڕێوبەری کاروباری دەرباری شاهەنشاهی بووە، ئەرکی بەڕێوەبردنی دەفتەری ئاسایشی تایبەتی پێسپێردرابوو. هەروەها لە دەزگای ساواك ڕۆڵی گەورەی هەبوو. بۆ زیاتر بروانە سەردەشتی، یاسین، 2023، ڕووداوە سیاسیەکانی عێراق و شۆڕشی کوردستان لە یاداشتەکانی ئەرتەشبود( حسێن فردوست)دا.

15 سولەیمانی موعینی(فایەق) لە شوباتی 1933 لە گەڕەکی سەهۆڵخانەی شاری مهاباد لە دایك بووە. لە سەردەمی کۆماری کوردستان بە مەبەستی خوێندن نێردراوە بۆ تەبریز، دوای ڕوخانی کۆمار گەڕاوەتەوە بۆ مهاباد و دەستی بە خوێندن کردۆتەوە، دواتر لە تاران درێژەی بە خوێندن داوە. لە تەمەنی لاوێتییەوە تێکەڵی سیاسەت بووە. وەرزشکارێکی بە توانا بووە. لە سەردەمی حکومەتی موسەددیق، ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لەڕێکخستنی لاوان و سازدانی خۆپیشاندانەکان، دوای حکومەتی موسەددیق، بە مەبەستی درێژەدان بە کاری سیاسی بە نهێنی بەرەو تاران ڕۆشتووە، لە ڕێگە گیراوە و تاکو ساڵی 1957 لە زیندان‌دا بووە، پاشان گەڕاوەتەوە مهاباد. لە ئەنجامی هێرشی ساواك بۆ سەر ئەندامانی ح.د.ك و زیندانی کردنی ژمارەیەك لە ئەندامانی حیزب، ڕووی کردۆتە کوردستانی باشور، لەوێ درێژەی بە کارو چالاکی سیاسی داوە. یەکێکە لە ڕێبەرانی جوڵانەوە چەکدارانەکەی ١٩٦٧ – ١٩٦٨ ی کوردستانی ئێران، ساڵی ١٩٦٨ لە کوردستانی عێراق کوژرا. (نەقشی، ڕەحمان، ٢٠٢٤، یادێک لە شەهید سولەیمانی موعینی).

## سەرچاوەکان:


1-ئەحمەدی، ڕەشید، 2009، چەند لاپەڕەیەك لە ژیانم، چاپی یەکەم، سوید، چاپخانەی کتاب ارزان.

2-ئەسکەندەری، ئەحمەد، 2021، ئەحمەد ئەسکەندەری بیرەوەری و یاداشت، چاپی یەکەم، چاپخانە: تاران.

3-حەسەن زادە، عەبدوڵلا، 2002، نیوسەدە تێکۆشان، ب.ش، ب.چ.

4-حیسامی، کەریمی، 1987، لە بیرەوەرییەکانم 1957-1965، بەرگی دووەم، ستۆکهۆلم، چاپخانەی ئارارات.

5-حیسامی، کەریمی، ١٩٨٨، لە بیرەوەرییەکانم ١٩٦٥-١٩٧٠، بەرگی سێ یەم، ستۆکهۆلم، چاپخانەی منتدا اقرا السقافی.

6 ڕەستگار، حەسەن، 2022، برگەیەك لە خەبات و ژیانم، چاپی دووەم، ب.ش، ب.چ.

7- سوڵتانی، مەلەکە مستەفا، 2024، سێبەری قەلە بەرد لەسەر ئەڵمانە و تاڵسوار، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی هەژار موکریانی.

8- قازی، قاسم، 2021(ئامادەکردنی)، عەبدول نستانی- ژیانی دەربەدەریم، چاپی یەکەم، ب. ش، چاپخانەی کارۆ.

9-ڕەحمانی، وریا، 2024، شۆڕشی ئەیلول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی فەرەنسادا 1961-1976، هەولێر، چاپخانەی ڕۆکسنا.

10- قاسملوو، نەسرین، 2014، ئۆرۆپاییەك لە وڵاتی کورداندا، چاپی یەکەم، و.ناهید حسێنی، ب.ش، چاپخانەی سەردەم

11- کەریمی، هاشم، 2021، گەشتێك لە ئەرێبای بانەوە بۆ باواجی کۆیە، چاپی یەکەم، سوید، چاپخانەی کتاب ارزان

12- کوێستانی، سەعید کاوە، 1996، ئاوڕێك لە بەسەرهاتی خۆم و ڕووداوەکانی نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ب.ش، ب.چ.

13- مەرەسەنە، خدر، 2006، بیرەوەرییەکانم بۆ مێژوو، ب.ش، چاپەمەنی دیلان.

14-ئەمیری، ڕەحمان، 2012، مێژووی بزاڤی خوێندکاری لە ئێران 1953-1999، چاپ و بڵاوکردنەوەی کۆمیتەی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی یەکیەتی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
15--تودە، 1970، ئۆرگانی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی حیزبی تودەی ئێران، ب.ش، ب.چ.
16- نەقشی، ڕەحمان، 2019(کۆکردنەوە و ئامادەکردن)، جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانە ساڵەکانی 1347-46( 67-1968)، ب.ش، ب.چ.
17-ابراهامیان، یراوند، 1384، ایران بین دو انقلاب، چاپ یازدهم، تهران، چاپخانه غزال.
18-اوری، پتر، 1379، تاریخ معاصر ایران، چاپ چهارم، ت. محمد رفیقی مهرابادی، تهران، انتشارات عوامی.
19-بازیار، سمایل، 2020، کاریگەری بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان حیزبی دێموکراتی کوردستان وەك نموونە(1945-1991)، ب.ش، ب.چ.
20-بختیاری، اسماعیل، 2014، نگرشی تاریخی بر جنبش مسلحانەی 47-1346 کردستان (مکریان) در رژیم شاه، سلیمانیه، نشر چوارچرا.
21-پرووتهوویێر، کارۆل، 2009، خولیا و مەرگی قاسملووی کورد، چاپی یەکەم، و.عەبدوڵا حەسەنزادە، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
22-پژمان، عیسا، 1997، نهێنی یەکانی پەیمانی 1975ی ئەلجەزایر، و. ناسر ئیبراهیمی، سوید، بنکەی چاپەمەنی ڕۆژ
23-توکلی، محمد رەئوف، 1354، جغرافیا و تاریخ بانه کردستان، چاپ دوم، ب.ش، چاپخانه سهیل.
24-حمەلاو، شەیما سەعید، 2017، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران-کۆمەڵە(سازکا) 1969-1988، سلێمانی، چاپخانەی حەمدی
25-حسن پور، محمد رسول، 1380، ساتێك لەگەڵ مەلا ئەحمەدی شەڵماشی(مەلا ئاوارە)دا، ب.ش، ب.چ.
26-رعنایی، شهین، 1397، اصلاحات ارضی در استان کردستان 1341-1353، چاپخانه شیرازه.
27-سابیر، ڕەفیق، 2014، ئیمپراتۆریای لم لە بارەی ئیسلام، خێڵ و ناسیۆنالیزم، چاپی چوارەم، سلێمانی، غەزەلنوس
28-سەردەشتی، یاسین، 2011، کوردستانی ئێران. لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد(1939-1979)، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی سیما.
29-سەردەشتی، یاسین، 2025، ’’خاك و خون’’ سەرچاوەیەکی مێژووی هاوچەرخی کوردستان، سلێمانی، ب.چ.
30-شەرەفی، سمایل، 1385، شەرەفکەندی سیمای شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی، ب.ش، ب.چ.
31-علی، محمد طاهر، 2013، قانع ژیان و بەرهەمی، ب.ش، ب.چ.
32-قاسمی، تاهیر، 2024، ئیعجازی ئەنگوستی پاکی محەمەد، چاپی دووەم، کوردستان، ب.چ.
33-قرگزلو، ناصر، 2006، از انقلاب سفید تا انقلاب اسلامی، پاریس، دایره مینا.
34-کمالی، فەریدە کوهی، 2012، ناسیۆنالیزمی شوانکارەیی، و. یاسین سەردەشتی، ب.ش، ب. چ.
35مدنی، حسین، 1369، تحلیلی فشرده از: دینامیزم و شیوەهای مبارزاتی در کردستان ایران، ، ب.ش، ب.چ.
36مرکز بررسی اسناد تاریخی وزارت اطلاعات، جنبش چپ به روایات اسناد ساواك حزب دمکرات کردستان ایران، 1378، تهران، چاپ اول، جلد اول
37چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵای خەسەن زادە، 2025، کۆیە.
38-باباخانی، ناسر، 2018، چێگواراکان، ڕۆژنامەی کوردستان، ژ733.
39-بازیار، سمایل، 2017، ڕێبەرانی جووڵانەوەی 46-47 کوردستان یان تێکەڵ بەو روحی خەباتگێڕی یە کرد کە لە شەستەکان دا لە سەرتاسەری جیهان وەرێ کەوتبوو، ڕۆژنامەی کوردستان، ژ 703.
40-ئیسماعیل نەژاد، ئاگری، 2723، وتووێژ لەگەڵ ئەنوەر سوڵتانی، گۆڤاری تیشك، ژ47-48.
41-شڵماشی، مستەفا، 2021، یادێك لە شەهید ئاوارەی شۆڕشگێڕ و شاعیرhttps://kurdistankurd.com .
42-کریمیان، سۆران، 2024، مه 68 در کوردستان: قیام چریکی مائۆئیست ها(1967-68) www.radiozamaneh.com
43-اردلان، یوسف، 2023، ریشەهای فکری کومەلەhttps://www.azadi-b.com
44.-2014, rawej, streak, TV.

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-02-44

# Overview of the Internal Situation in Iranian Kurdistan in the Period 1958-1967

**(Extracted from MA Thesis)**

**Shewa Osman Muhamad, Yasin Khalid Hassan Sardashty**

Department of History, College of Humanities, University of Sulaimani, Kurdistan Region - Iraq

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **August, 2025** |
| Accepted | **November, 2025** |
| Published: | **December, 2025** |

**Keywords**

**Economic situation, social situation, political situation**

**Corresponding Author**

shewamuhamd15@gmail.com
yasen.hassan@univsul.edu.iq

## Abstract:

Irani Kurdistan situation was unstable under authority of Pahlavi regime economically, socially, and politically (1958) to (1967). Despite of internal feudal system, Irani Kurdistan suffered from class differences economically; economical collapse and ignoring government made the situation worse and caused damage to people's life. The power changes, white revolution, could not change the situation to better circumstance, but made situation worse in economical justice and affairs. Area also suffered from primary services and ignored by government socially. The authority of the area was under the control of the army administratively, which made the situation even worst. There were not any chances for political movements in the area at all. The patriots were threatened by the security establishments of the Shahanshah's regime. This research is an attempt to highlight the difficult situation in Iranian Kurdistan in all aspects of life from 1958-1967. At the end of this study, we could say that we have come to the conclusion that the difficult internal situation of the mentioned Iranian Kurdistan, at that time, was the reason for the starting the armed struggle in 1967 - 1968 there. We have divided our study into 3 main topics: The first topic is about the economic situation in Iranian Kurdistan. Second one is devoted to discuss the social situation and to extend the services are provided. The third one is about the political situation in Iranian Kurdistan. In writing this study, we relied on descriptive- analytical method and we have presented the topics and observations objectively.